# دەبێت پەرلەمانی کوردستان چی بکات؟

راستە پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان بەرەنجامی پرۆسەی دەنگدانی گەلە، بەڵام شێوازی هەڵسووڕاندنی کاروباری پەرلەمان لە کوردستاندا پێشتر و ئێستاش بەرهەمی پێکەوەگونجاندێکی سیاسی (التوافق السیاسی) لە نێوان فراکسیۆنی حزبەکان و فراکسیۆنی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بووە.
هەر بۆیە پاریزگاریکردن لە گیانی ئەو پێکەوەگونجاندنە نەك هەر تەنیا پێویستییەکی سیاسی و نیشتمانییە، بەڵکو پێویستییەکی دیموکراتییانەشە، لەبەر ئەوەی لەپرۆسەی بونیادنانی دیموکراتیدا بەتایبەتی بۆ وڵاتانی فرەئایین و نەتەوە و پێکهاتەی جیاواز، خودی فەلسەفەی دیموکراتیەت لەسەر بنەمای پێکەوەسازان بونیاد دەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دیموکراسیەت لەناو ئەتۆمۆسفێری سازان و پێکەوەگونجانی سیاسیی نێوان لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیە گەشە دەکات، ئەم گەشەکردنەش رۆژ لەدوای رۆژ بەردەوام و بەهێزتر دەبێت و ژێرخانێکی پتەو بۆ کۆکردنەوەی هێز و توانای هەموو لایەنەکان دروست دەکات، بۆ ئەوەی پێکەوە هەنگاوەکانی یاسادانان و بڕیاری دروست بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە دابرێژن.
ئەم پێشەکییە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەرکی پەرلەمان بۆ نەتەوەکانی هاوشێوەی ئێمە کە بە قۆناخێکی راگوزەر و هەستیاردا تێدەپەڕن، پێش هەموو شت پاراستنی سازان و پێکەوە گونجانی نێوان تەواو هێز و لایەنەکانی ناو پەرلەمانە، بۆیە گرنگە پەرلەمان پابەندی بنەماکانی سازانی سیاسی بێت و هەموو هەوڵیشی بۆ ئەوە بێت ئەو بنەمای سازانەی نێوان لایەنەکان بپارێزێت و هەرگیز بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵنەگرێت کە پرۆسەی سازانی نێوان لایەن و پێکهاتەکان لاواز و لەکەدار بکات، یان هەوڵ بۆ ئەوە بدات لە چوارچێوەی گەمەی کەمینە و زۆرینەی پەرلەمانی لایەنێکی سیاسی پەراوێز بخات.
لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا کە هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەی دیموکراتییان بەرەو پێشەوە بردووە، پرۆسەی سازانی سیاسی هاوشانی پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراتی، پرۆسەیەکی مێژووی دوور و درێژ و ئاڵۆز بووە و رەنگدانەوەی باری سایکۆلۆژیەتی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بووە بۆ ئەوەی بتوانن میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ متمانە دروستکردن لەنێوان ئەو پێکهاتە جیاوازانەدا، بۆیە هەر کاتێك شێوازی هەڵسووڕانی کاری پەرلەمانی بەو ئاراستەیە بووبێت، کە دژی سازانی سیاسی بووبێت، ئەوا سەرەنجام بۆتە لێدانی راستەوخۆی تەواوی پرۆسەی سیاسی و پاشانیش پرۆسە دیموکراتییەکە.
لەسەر ئەم باکگراوەندە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر کێشەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەین، بە ئاشکرا هەست بەو راستییە دەکەین کە کێشەی سەرەکیی پەرلەمانی کوردستان لەو میتۆد و هەنگاوانە خۆی بەرجەستە دەکات کە بە ئاراستەی تێکدانی سازانی سیاسیی نێوان



د. جەعفەرئیبراهیم ئێمنکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لایەنە سیاسییەکان هەڵگیراون، دەرەنجامی ئەو هەوڵانەش کە دژ بە سازانی نیشتمانی دراون، دەرهاویشتەی زۆر نەرێنی لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بەجێهێشتووە.

هەربۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەیەك بۆ ئەدای پەرلەمانی کوردستان بکەین، ئەوا دەبێت ئەو فاکتەرە سەرەکییە دەستنیشان بکەین کە بۆتە هۆکاری ئەوەی پەرلەمان نەتوانێت وەك پێویست ئەدای ئەرکەکانی خۆی بکات، کە ئەویش ئەو هەوڵانە بوونە هۆکاری تێکدانی سازانی نیشتمانی و دروستکردنی پەرتەوازەیی لەنێوان فراکسیۆنەکاندا.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی ئەم بابەتە و لەخۆمان بپرسین: (ئایا دەبێت لەم قۆناخەدا پەرلەمان چی بکات؟) بێگومان دەبێت هەنگاوی یەکەمی پەرلەمان هەوڵدان بۆ دووبارە رێکخستنەوەی بە ئەرك و ئەولەوییەتی خۆی بزانێت، ئەم ئەرك و ئەولەوییەتەش دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ ئەوەی بتوانین هێز و ئیرادەی هەموو فراکسیۆنەکانی کوردستان بکەین بەیەك و هەم کێشەکانی ئێستای پێ چارەسەر بکەین، هەمیش رووبەڕووی ئەو تەحەددییانە ببینەوە کە رووبەڕومان دەبێتەوە، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە رێکخستنەوەی سازانی نیشتمانی دەبێتە ئومێدی گەشبینییەکی گەورە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی پشتیوانی پەرلەمان و حکومەتی خۆی بێت لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا.

لە ئێستادا کە بەرەو پرۆسەیەکی گرنگ و چارەنووسساز هەنگاو هەڵدەگرین، کە ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆمە لە کوردستان، یەکڕیزی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سازان و کۆدەنگی لەسەر ئەم پرۆسە گرنگە دەبێتە پشتیوانییەکی گەورە بۆ سەرکەوتنی ریفراندۆم و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی گەلی کوردستان، بۆیە لەم قۆناخەدا ئەگەر هەموو لایەکمان بگەڕێینەوە بۆ یەکڕیزی و تەبایی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی سازانی نیشتمانی لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوا بێگومان پەرلەمان رۆڵێکی گرنگ و مێژووی خۆی لەم قۆناخە پیادە دەکات و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگیش بۆ ئەوەی تەبایی و یەکڕیزی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستاندا پتەوتر بێت.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەرکی سەرەکیی پەرلەمانی کوردستان لەم قۆناخەدا ئەوەیە کە هەوڵەکانی بۆ رێکخستنەوەی سازانی نیشتمانی چڕبکاتەوەو ئەگەر سەرکەوتوو بین لە دووبارە دروستکردنەوەی ئەم سازانە نیشتمانییەدا، ئەوا هیچ کێشەیەك بوونی نابێت و سەرەنجامیش کاریگەریی تەواوی لەسەر پرۆسەی سیاسی و تەواوی دامەزراوەکانی کوردستانیش دەبێت.

---

***جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

# وەرچەرخانی گەورە
# لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا
## لە ریفراندۆم و هەڵبژاردنی داهاتوو
## رەنگدەداتەوە





**مانەوەی کێشەی یوسف محەمەد وەک سەرۆک پەرلەمانێکی دەرکراو، لەوانەیە ببێتە کارتێکی دیکە بەدەستی گۆڕانەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەکاری بهێنێت، بۆیە مانەوەی یوسف محەمەد وەک سەرۆک پەرلەمانێکی دەرکراو، زیاتر سوودی بۆ گۆڕان دەبێت، نەک گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان، لەم روانگەیەوە پێدەچێت ئەمجارەیان مەسەلەی گەڕانەوەی یوسف محەمەد لای ڕێکخەری گۆڕان گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت**

**ئەو هەڵسووڕاوانەی گۆڕان کە خزم و کەسی نزیکی نەوشیروان مستەفان و لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق پەرلەمانتارن، لێدوانەکانیان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە ئەوان وەک حزبێکی سیاسی هیچ باکیان بە بەرژەوەندی و ئایندەی کوردستان نییە و لە پێناوی ئەوەی دوای کەوتوون، ئامادەن یاری بەهەموو پیرۆزییەکانی ئەم وڵاتە بکەن، ئەوجا ئەو پیرۆزیانە ئاڵای کوردستان بێت، یان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، تەنانەت ناشیرینکردنی کوردستانیش بێت لەبەردەم وڵاتانی ئەوروپادا**

هەروەك چۆن لە ئاكامی سیاسەتە هەڵەكانی نوری مالیكی موسڵ كەوت و داعش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند، دوای ئەمەش هەموو لایەك گەیشستنە ئەو قەناعەتەی جارێكی دیكە عێراق ناگەڕێتەوە بۆ رۆژی پێش ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و یەكپارچەیی عێراق كۆتایی هات، بەهەمان شێوە دوای ئەوەی لە ئاكامی سیاسەتە هەڵەكانی بزووتنەوەی گۆڕان، پەرلەمان پەكی كەوت و دوای ئەوەش پرۆسەی سیاسی لە كوردستاندا گەیشتە بنبەست و گۆڕان پەنای بۆ شەڕ و ئاژاوە برد، بۆ ئەوەی مەرجەكانی خۆی بە سەر پارتی دیموكراتی كوردستان فەرز بكات، بەڵام بۆی نەچووە سەر و پارتی ئەو رێككەوتنەی هەڵوەشاندنەوە كە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەیبوو، بەمەش هاوكێشەی سیاسی و هاوسەنگیی هێز گۆڕانكاری بەسەرداهات و گۆڕان بە تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا كەوتە پەراوێزەوە، ئەوا هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە جارێكی دیكە هاوكێشەی سیاسی و هاوسەنگیی هێز لە ناو پرۆسەی سیاسیی كوردستان ناگەڕێتەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆكتۆبەر و بزووتنەوەی گۆڕانیش جارێكی دیكە ئەو سەنگ و هێزەی لە ناو پرۆسەی سیاسیدا نابینێتەوە كە پێشتر هەیبووە.

ئەوجا چۆن لایەنە شیعەكانی عێراق لەسەرووی هەمووشیانەوە نوری مالیكی و حزبی دەعوە زۆر باش لەو راستییە تێگەیشتوون كە عێراقی پێش حوزەیرانی ٢٠١٤، دەبێت وەك یوگسلافیای پێشوو پێی بگوترێت عێراقی پێشوو، لەمەش زیاتر نوری مالیكی و حزبی دەعوەش لەوە تێگەیشتوون كە جارێكی دیكە لەناو لایەنە شیعەكانیشدا ئەو دەنگانەی پێشان ناهێننەوە و نابنەوە بە حزبی حوكمڕان لە عێراقدا، هەر بۆیە هەموو هەوڵی لایەنە سیاسییەكانی شیعە و نوری مالیكی و حزبی دەعوە لەو خاڵەدا چڕبۆتەوە كە دان بە واقیعی تازەدا نەنێن و كەوتوونەتە گوتنەوەی بەیت و باڵۆرە و شین بۆ یەكپارچەیی عێراق دەكەن و دڵی خۆیان بەوە خۆش دەكەن كە دەتوانن عێراقی پێشوو دووبارە بگێڕنەوە، كە ئەمەش بێجگە خەیاڵێكی بێ بنەما شتێكی دیكەی لی دروست نابێت. لە كوردستانیشدا، سەركردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان بەگشتی و شەخسی نەوشیروان مستەفا ڕێكخەری گۆڕان، ئەوانیش باش لەو راستییە تێگەیشتوون كە جارێكی دیكە پرۆسەی سیاسیی كوردستان ناگەڕێتەوە بۆ ئەو كاتەی كە گۆڕان وەك لایەنێكی سەرەكی و حزبی دووەم مامەڵەی لەگەڵ دەكرا و بێجگە لە پۆستی سەرۆكی پەرلەمان چەندین وەزارەتی سەروەریشان پێدرابوو، هەربۆیە كاتێك پارتی دیموكراتی كوردستان داوای ئەوە دەكات لەسەر بنەمای واقیعی تازە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دەست پێبكاتەوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای رێككەوتنێكی نوێ پرۆسەی سیاسی رێكبخرێتەوە، بزووتنەوەی گۆڕان پێداگیری لەسەر ئەوە دەكات و دەڵێت: دەبێت بارودۆخەكە بگەڕێتەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٥ ئەوجا دەست بە وتووێژ دەكەین!

ئەوجا لە كاتێكدا پارتی دیموكراتی كوردستان بە جۆرێكی دیكە واقیعی تازە دەخوێنێتەوە و ئامادە نییە وەك پێشان مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بكات، ئەوا بزووتنەوەی گۆڕان لە بری ئەوەی خۆی سەرقاڵی دانانی پلانێكی ئەقڵانە بكات بۆ ئەوەی هەم خۆی رێكبخاتەوە و هەمیش بێتەوە ناو پرۆسە سیاسییەكە، كەچی گۆڕانیش وەك نوری مالیكی و حزبی دەعوە، لە هەوڵی دارشتنی پیلانی یەك لەدوای یەكە بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە كوردستان ئاڵۆز ببێت و ئاستەنگی گەورە لەبەردەم پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دروست بكات.

دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئازادكردنی موسڵ، لایەنە شیعەكان و نوری مالیكی و حزبی دەعوە، ئەو واقیعە تازەیەی ئاماژەمان پێكرد بە كردەیی رووبەڕووی دەبنەوە و بە چاوی خۆیان دەیبینن كە ئەمجارەیان ئەمریكا بۆ بەرژەوەندی خۆی داعش و خەلافەتی ئیسلامی لە عێراقدا دەڕووخێنێت و لەسەر سینییەكی زێڕ ئەم سەركەوتنە پێشكەشی ئێران و وەكیلەكانی لە عێراقدا ناكات، ئەم ستراتیژەی ئەمریكاش پێویستی بەوە دەبێت كە پێش هەموو شت عێراق و كوردستان لەیەكتری جیابكاتەوە و بە میتۆدێكی تازە پەیوەندی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە رێكبخاتەوە. وەك پسپۆڕان و چاودێرانی بواری ئاسایش و سەربازیش باس لەو ستراتیژە تازەی ئەمریكا بۆ عێراقی عەرەبی دەكەن، جارێكی دیكە لایەنە شیعەكانی عێراق ئەو دەسەڵاتەیان نابێت كە پەنا بۆ هێز و

سوپا و ئاسایش بەرن بۆ ئەوەی عەرەبی سوننەی پێ ملکەچ بکەن و ئەوانیش خۆیان دەبنە خاوەنی هێزی خۆیان و هەر خۆشیان بەرگری لە خۆیان دەکەن و تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی بەغداش کە گەورەترین شار و پایتەختی عێراقیشە، هەنگاوەکان بەو ئاراستەیە دەبن، هاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دروست بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە بەغداش وەك پایتەخت بە تەنیا بەدەستی لایەنە شیعەکانی عێراقەوە نابێت. لە کوردستانیش کە بەرەو ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی داهاتوو هەنگاو هەڵدەگرین، بزووتنەوەی گۆڕانی بە کردەیی رووبەڕووی واقیعێکی تازە کردۆتەوە کە بەهەر لایەکدا هەنگاو هەڵبگرێت، بە زیان بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەشکێتەوە، هەر بۆ نموونە:

١- سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵدانە بۆ رێگرتن لە ریفراندۆم و هەروەها ئاستەنگ دروستکردنە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێت. ترسی بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆسەی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی داهاتوو ئەوەیە، ئەوان زۆر باش دەزانن ئەگەر هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش دژی ریفراندۆم بن و تەنیا چەند چالاکی مەدەنی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن، خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدات و نایەوێت جارێکی دیکە بەشێك بێت لە عێراق، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر ریفراندۆم بکرێت و گۆڕان هەر سوور بێت لەسەر دژایەتیکردنی ریفراندۆم، ئەوا بە سیاسەتێکی شکستخواردوو دەچێتە ناو هەڵبژاردنی داهاتوو کە نەك هەر دەنگەکانی هەڵبژاردنی پێشوو ناهێنێتەوە، بەڵکو لەوانەیە ژمارەی کورسییەکانی هێندە کەم ببنەوە کە خۆیان شەرم بکەن باسی بکەن.

٢- ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان واز لە عینادیی سیاسی بهێنێت و رازی بێت بەوەی کە لە سەر بنەمایەکی نوێ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دانوستاندن بکات بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی نوێ، ئەوا لەم حاڵەتەشدا هەموو سیاسەتە هەڵە و شکستخواردووەکانی گۆڕان بۆ جەماوەرەکەی ئاشکرا دەبێت و ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە هەڵسووڕاو و ئەندامەکانی خۆی ئاراستەیانی دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەشدا جۆرێك لە ناسەقامگیری سیاسیی ئەوتۆ لەناو ریزەکانی گۆڕان دروست دەبێت کە حزبەکە زۆر لە ئێستا خراپتر پارچە پارچە دەبێت، بۆیە لەم روانگەیەوە پێداگری لەسەر هێشتنەوەی بارودۆخێکی چەقبەستوو دەکات، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی راوەستێت و سیاسەتە هەڵەو شکستخواردووەکانی گۆڕان ئاشکرا نەبێت.

ئەم دووڕیانە خراپەی سیاسەتی هەڵەی گۆڕان رووبەڕووی خۆی کردۆتەوە و ناتوانێت هیچ رێگەیەکیان هەڵبژێرێت، تاسەر حزبەکانی کوردستان سەبری ئەیوبیان بەرامبەر ئەم چەقبەستووییە و ئەو عینادییەی گۆڕان نابێت، ئەمەش لە ئێستادا بەتەواوەتی جووڵەی بە ئاراستەی پێچەوانەی عینادیی سیاسیی گۆڕان لە ناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان دروست کردووە و هەموو حزبەکان بێجگە لە گۆڕان بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان راگەیاندووە کە ناکرێت پرۆسەی سەربەخۆیی دوابخرێت و ئەم هەلە مێژووییەی بۆ میللەتەکەمان هاتۆتەپێشەوە لەبەر خاتری سیاسەتی هەڵە و شکستخواردووی بزووتنەوەی گۆڕان لەدەست بدرێت.

**● گۆڕان. بەدوای پیلانێکدا دەگەڕێت سیاسەتە هەڵەکانی پێ پەردەپۆش بکات**

رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ گۆڕان ئیمزای لەسەر کردووە بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە بێت سەرلەنوێ لەگەڵ پارتی دەست بکاتەوە بە دیالۆگ و دانوستاندن بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی نوێ متمانە لە نێوان پارتی و گۆڕان دروست ببێتەوە و پاشانیش میکانیزمێکی نوێ دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و پارتی رێکبخاتەوە.

کەواتە هەنگاوی یەکەمی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پارتی و گۆڕان، گێڕانەوەی متمانەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیاسەتی هەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی هیچ متمانەیەکی بە بزووتنەوەی گۆڕان نەبێت، لەمەش زیاتر پارتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی هەر رێککەوتنێك لەگەڵ گۆڕان دووبارە ئیمزا

**لە یەکەم لێدوانی نەوشیروان مستەفا دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا ئەو مانایە دەخوێندرێتەوە کە ئەو دەیەوێت بە خەڵکی کوردستان بڵێت: (سوپاسی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم کە لە قسەی من دەرنەچوون و ئامادەنەبوون لەگەڵ پارتی رێککەوتنی تازە ئیمزا بکەن)، پاشانیش بە رێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی و بە پێشوازیکردنی لە نوری مالیکی سەلماندی کە ئامانجی ئەوەیە لە کوردستاندا ئاشتی و سەقامگیری بەردەوام نەبێت**

**ئەو شێوازی سیاسەتکردنەی بزووتنەوەی گۆڕان مامەڵەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێدەکات، لە رەفتاری منداڵێکی لاسار و نازدار دەچێت و لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە یەکریزی نێوماڵی کوردستان تێکنەچێت و لەم بارودۆخە ناسکەدا کە کوردستان لەشەڕێکی گەورەی جیهانیدایە لە دژی تیرۆر، ئەم شەرە نەدۆڕێنێت، زۆر موراعاتی بزووتنەوەی گۆڕان و رێکخەرەکەیان کردووە**

**یەکێتی لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، هەوڵیداوە زیاد لە پێویست موراعاتی گۆڕان بکات بۆ ئەوەی سەقامگیری ئەو دەڤەرە تیکنەچێت و ناچار نەبێت پەنا بۆ شێوازی دیکە بەرێت کە سنوور بۆ گۆڕان دابنێت**

بکرێتەوە، دەبێت پێشتر گەرەنتی دروستبوونەوەی متمانەی نیوان گۆڕان و پارتی مسۆگەر کرابێت.

بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر بیەوێت لەسەر بناخەیەکی کۆنکرێتی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتی رێکبخاتەوە، ئەوا دەبێت وەڵامی پرسیارگەلێکی پارتی و خەڵکی کوردستان بداتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر پارتی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەست نەکەوێتەوە، ئەوا هەر رێککەوتنێکی دیکەش لە نێوانیاندا بکرێت، ئەوا گۆڕان رێز لە ئیمزای خۆی ناگرێت و هەر کاتێك بۆی بلوێت بەدژی ئەو رێککەوتنە رەفتار دەکات، لێرەدا گرنگە بزوتنەوەی گۆران وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

● ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك لە هەڵبژاردنی راستەوخۆوە بگۆڕێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر سیستمی سیاسیی کوردستان پێچەوانەی هەڵوێستی گۆڕانە، یان پارتی داوادەکات لەسەر ئەم مەسەلەیە سازانی نیشتمانی بکرێت و پاشانیش ئەم دوو بۆچوونە جیاواز بخرێتە بەردەمی گەلی کوردستان با گەلی کوردستان یەکلایی بکاتەوە؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان رێگەیەکی ئاشتییانە و شارستانییانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان دەستنیشان کردووە، ئایا بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان پەنای بۆ کودەتای سیاسی برد؟

● بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارەی پارتی و خەڵکی کوردستان بداتەوە، ئایا کاتێك ئەم بزووتنەوەیە لەسەر رێککەوتنێك ئیمزا دەکات، رێز لە ئیمزاکەی خۆی دەگرێت؟ ئەگەر ناتوانێت رێز لە ئیمزاکەی خۆی بگرێت، بۆچی رێککەوتن ئیمزا دەکات، یان ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەگومان بێت لەوەی گۆڕان رێزی ئێمزای خۆی ناگرێت، بۆچی رێککەوتنی لەگەڵ ئیمزا بکات؟ ئەم پرسیارە لە واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر متمانەی بە بەڵێنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوای چوار ساڵ ئارامیی بۆ کوردستان دەکرد، رێککەوتنی بۆ کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵدا ئیمزا کردووە،



بۆیە دەپرسین ئایا هیچ کێشەیەکی سیاسیی ئەوتۆ دروست ببوو کە گەیشتبێتە حاڵەتێکی چەقبەستووی ئەوتۆ کە بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەنقەست ئارامیی کوردستان بشێوێنێت؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئەو ئاستە متمانەی بە گۆڕان کردبوو هەتا ئەگەر خوانەخواستە نائارامییەکیش رووبکاتە کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و حزبەکانی دیکە چارەسەری بکەن، بەڵام کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بەدەستی ئەنقەست دەبێتە هۆکار و سەرچاوەی نائارامی لە کوردستاندا، ئایا رێککەوتنێك لەسەر بنەمای چوار ساڵ ئارامی لەگەڵ گۆڕان ئیمزا کرابێت، چ بەها و مانایەکی دەمێنێتەوە؟

● بزوتنەوەی گۆڕان دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرانی دەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکان ئاراستەی دەکەن و پێی دەڵێن: ئایا کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان رێککەوتنێك وەك رێککەوتنی شەوی ١٨-١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئیمزا دەکات، ئایا رێزی حزبەکان و لایەنە ناوبژیوانەکان دەگرێت؟ ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان رێزی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانی بگرتایە، ئەوا نەدەبوو لە رۆژی ١٩ی ئاب لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ئەو رێککەوتنە ژێر پێ بنێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنێکی کۆن، کە بزووتنەوەی گۆڕان نەك هەر رێزی رێککەوتنەکەی نەگرتووە، بەڵکو گاڵتەتەشی بە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش

**لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ کاتێک یەکێتی بڕیاری دا بە لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی نەچێتە هەڵبژاردنەوە، پارتی دەیزانی ئەم بڕیارەی یەکێتی بە دابەزینی بە لیستی جیاواز، جۆرێک لە ناسەقامگیریی حوکمڕانی لە کوردستان دروست دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێتی ئەو بڕیارەی دابوو، پارتی رێزی بڕیارەکەی یەکێتی گرت و نەیکردە پەڵپ و بیانووش بۆ ئەوەی رێککەوتنی ستراتیژی هەڵبوەشێنێتەوە**





**ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان بە شێوەیەک داڕێژدرابوو کە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی لە ریشەوە هەڵدەتەکاند، بێگومان نەمانی ڕێککەوتنی ستراتیژییش لە نێوان پارتی و یەکێتی، واتە نەمانی شەراکەت لە نێوان پارتی و یەکێتی لە حکومەت و هەروەها نەمانی یەکریزی و یەکهەڵوێستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە درێژایی ١٣٠٠ کیلۆمەتر شەڕی دژی داعش دەکات**

**بە درێژایی مێژووی سیاسی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئەمە جاری یەکەمە حزبێکی سیاسی هەوڵبدات بە زۆرەملێ و گوشار ڕێککەوتن لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام بدات، یان پێداگیری ئەوە بکات دەبێت لایەنی بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە پابەندبێت و لەبەرامبەریشدا ئەو هەموو بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە پێشێل بکات، یان ئامادە نەبێت هیچ ڕێزێک بۆ حزبەکانی بەرامبەری دابنێت کە ڕێککەوتنی لەگەڵدا ئیمزا دەکەن**

کردووە؟!

ئەگەر بە وردی سەرنج لەو خاڵانە بدەین کە واقیعبینانە ئاماژەمان پێکردوون، بزووتنەوەی گۆڕان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە خۆی لەم پرسیارانە بدزێتەوە و ئەم پرسیارانەی ڕووبەڕوو نەکرێتەوە، یان بەتەنیا لەگەڵ پارتی کۆنەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پرسیارانەی ڕووبەڕوو نەکرێنەوە. لەم پێناوەشدا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کوردستانی بەجێهێشت بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ ئەو زۆنگاوە بدۆزێتەوە کە هەر خۆی بۆ بزووتنەوەی گۆڕانی دروستکردووە، بەڵام پاش نزیکەی ٧-٨ مانگ کە لە کۆتایی نیسانی ٢٠١٦ گەڕایەوە، هەموو پیلانەکەی ئەوە بوو یەکێتی و گۆڕان تێکەڵی یەکتری بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە حیسابی خۆی هاوسەنگیی هێز لە کوردستاندا بگۆڕێت، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی زۆر زوو لەو پیلانەی نەوشیروان مستەفا تێگەیشتن و هەستیان کرد ئەوەی نەوشیروان مستەفا لە ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان ئامانجیەتی، ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و فرەیی سیاسی نییە، بەڵکو زەمینە خۆشکردنە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بچێتە ژێر باری هەڵە سیاسییە شکستخواردووەکانی گۆڕان و دژی پارتی رابوەستێت، ئەمەش واتە کاولبوونی کوردستان نەك ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی، ئەگەر ئامانجەکەشی کاولکردنی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕ نییە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، پرسیار ئەوەیە ئایا چ کێشەیەکی قورس و گرانی ئەوتۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، هەتا بەدیالۆگ و ئاشتی و دانوستاندن چارەسەر نەکرێت؟ بەڵام ئەمجارەش خوا رەحمی بە کوردستان کرد و پیلانەکەی سەری نەگرت.

## • گۆڕان دەیەوێت بە پرەنسیپی زۆرەملێ ڕێککەوتنی لەگەڵ حزبەکان هەبێت

بە درێژایی مێژووی سیاسی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئەمە جاری یەکەمە حزبێکی سیاسی هەوڵبدات بە زۆرەملێ و گوشار ڕێککەوتن لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام بدات، یان پێداگیری ئەوە بکات دەبێت لایەنی بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە پابەندبێت و لەبەرامبەریشدا ئەو هەموو بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە پێشێل بکات، یان ئامادە نەبێت هیچ ڕێزێك بۆ حزبەکانی بەرامبەری دابنێت کە ڕێککەوتنی لەگەڵدا ئیمزا دەکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ بە ئاشکرا رایگەیاندووە، ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆتایی هاتووە و جارێکی دیکە پارتی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە نابێت لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان نەك هەر ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕانی پێشێل کردووە، بەڵکو ڕێککەوتنی نێوان هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ژێرپێ ناوە و ڕێزی لێ نەگرتووە، بەڵام ئەوە ماوەی نزیکەی ٢٠ مانگە بزووتنەوەی گۆڕان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، دەبێت ئەو ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و گۆڕان هەروەك خۆی بێت و پارتی بۆی نییە ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان، ڕێککەوتنێکی دووقۆڵییە بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی حکومەت، ئەمەش بێجگە لە گاڵتەجاڕی بە سیاسەت هیچ مانایەکی دیکەی نییە، لەمەشدا دەکرێت ئاماژە بە ڕێککەوتنی لایەنی کوردستانی لەگەڵ لایەنی شیعەی عێراق بکەین بۆ پێکهێنانی کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی، کە گەورەترین کێشە لە نێوان کوردستان و عێراقدا، چارەسەرکردنی کێشەی بودجەی کوردستان بوو لە ناو بودجەی عێراقدا، لایەنی کوردستانی چووە ناو کابینەکەی د.عەبادی پاشان ڕێککەوتنەکە بووە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٥، لە ناو ڕێککەوتنەکەشدا هاتبوو هەر لایەك ئەو ڕێککەوتنەی جێبەجێ نەکرد، لایەنەکەی دیکەش بۆی هەیە بە ڕێککەوتنەکە پابەند نەبێت. هەموو لایەك بینیمان د.حەیدەر عەبادی پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوو، لەبەرامبەردا حکومەتی کوردستانیش پابەند نەبوو، هەروەها حکومەتی کوردستان داوای کرد بەوەی ئامادەیە لەسەر بنەمایەکی تازەتر دووبارە ڕێککەوتن بکەنەوە، بەڵام دیسان هەر ڕێکنەکەوتن، بەمەش نە دنیا ئاخیر بوو، نە هەولێر و بەغداش گەیاندیانە مریشکە ڕەشە و نەمانی پەیوەندی لەنێوان هەولێر و بەغدادا، بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەش هەڵوەشایەوە، بەڵام ئێستا ڕێککەوتنێکی دیکەی سەربازی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق هەیە بە میانگیری

ئەمریکا، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبەر ئەوەی هەڵوێستی حکومەتی کوردستان هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایە و دڵنیایە لە هەڵوێستەکانی خۆی، باکی بەوە نییە بەغدا ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە یان نە، لەمەش زیاتر ئامادەیە ڕێککەوتنی دیکەش لەگەڵ بەغدا ئیمزا بکات، هەتا گەیشتۆتە ئەوەی ئێستا شاندی پارتی و یەکێتی پێکەوە دەچنە بەغدا و لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی شیعە باسی میکانیزمی جیابوونەوەی ئاشتییانەی نێوان عێراق و کوردستان دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای پیلان و ڕێزنەگرتنی لایەنی بەرامبەر ڕێککەوتنەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستۆتەوە، ئێستا پارتی دەڵێت من ڕێککەوتنم لەگەڵ گۆڕان نییە، گۆڕان پێداگیری دەکات و دەڵێت نەخێر لە نێوان گۆڕان و پارتی ڕێککەوتن هەیە، ئامادەش نییە لەسەر ڕێککەوتنێکی دیکە دیالۆگ و دانوستاندن بکرێت.

ساڵی ٢٠١٦ پاش هاتنەوەی نەوشیروان مستەفا لە لەندەن، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیمزا کرد، سەبارەت بەم ڕێککەوتنە پارتی دیموکراتی کوردستان ناڕازی بوو، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی پارتی دژی ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان بە شێوەیەك داڕێژدرابوو کە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی لە ریشەوە هەڵدەتەکاند، بێگومان نەمانی ڕێککەوتنی ستراتیژیش لە نێوان پارتی و یەکێتی، واتە نەمانی شەراکەت لە نێوان پارتی و یەکێتی لە حکومەت و هەروەها نەمانی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە درێژایی ١٣٠٠ کیلۆمەتر شەڕی دژی داعش دەکات.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بۆ پاراستنی گیانی فرەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان و یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگە و بەڕێوەبردنی حکومەت، پارتی پرسیاری خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، ئایا ئەم ڕێککەوتنەی نێوان گۆڕان و یەکێتی، کۆتایی بە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی دەهێنێت، یان نە؟ دیارە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووربینانەتر واقیعەکەیان خوێندەوە و خۆیان لەو تەڵەیە رزگار کرد کە نەوشیروان مستەفا بۆی نابوونەوە، بۆیە راشکاوانە وەڵامی پارتیان دایەوە ئەوان پابەندن بە ڕێککەوتنەکە و ئامادەشن جارێکی دیکە ئەو ڕێککەوتنە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و لەگەڵ واقیعی ئێستای کوردستان بگونجێندرێت، یان ئەگەر بکرێت ئەو ڕێککەوتنە فراوانتریش بکرێت و لایەنی دیکەش بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لە وەڵامی پارتیدا بیگوتبایە نەخێر، ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانمان کۆتایی هاتووە، ئایا پارتی دەیتوانی گوشار بخاتە سەر یەکێتی بڵێت نەخێر هەر دەبێت پابەند بیت پێوەی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دابەزینی یەکێتی بە لیستی جیا لە پارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ دەیداتەوە، کاتێك یەکێتی بڕیاری دا بەلیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی نەچێتە هەڵبژاردنەوە، پارتی دەیزانی ئەم بڕیارەی یەکێتی بە دابەزینی بە لیستی جیاواز، جۆرێك لە ناسەقامگیری حوکمڕانی لە کوردستان دروست دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێتی ئەو بڕیارەی دابوو، پارتی ڕێزی بڕیارەکەی یەکێتی گرت و نەیکردە پەڵپ و بیانووش بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی هەڵبوەشێنێتەوە.

لایەنێکی دیکەی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان یەکێتی و گۆڕان کە دروستکردنی سەرکردایەتییەکی هاوبەش بوو لەنێوان هەردوولایاندا و لە ڕێککەوتنەکەشدا هاتووە کە نابێت یەکێتی بێ ڕەزامەندی گۆڕان لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی ڕێککەوتن ئیمزا بکات، سەبارەت بەم بڕگەیە پارتی بە ئاشکرا رایگەیاند، ئێمە پێشوازی لە شاندێکی هاوبەش ناکەین کە لایەنێکیان ڕێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵیدا هەبێت و لایەنەکەی دیکەش کە گۆڕانە ڕێککەوتنمان لەگەڵ هەڵوەشاندۆتەوە، بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتی، ئەمە مانای ئەوەیە دەبێتە بەشێك لە ڕێککەوتنی ستراتیژی و ئەو کاتیش شاندی یەکێتی نیشتمانی هەمووشیان سەرکردەکانی پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان بن، پارتی ئامادە دەبێت پێشوازییان لێ بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو کاتە ئەوانە بەناوی یەکێتی نیشتمانی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی

ستراتیژی سەردانی پارتی دەکەن و پارتیش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان دەکات، بەمەش دەرکەوت کە ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان چۆن داوی پیلانەکانی لەناو ئەو ڕێککەوتنەدا چنیبوو کە هەمووشی بە کارەسات و ماڵکاولی بۆ کوردستان تەواو دەبوو.

دیارە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان هەردوای چەند مانگێك دەرکەوت کە یەکێتی ناچێتە ژێر ئەو بارەی کە گۆڕان داوای دەکات، بۆیە ڕێککەوتنەکە بەجۆرێك بە هەڵپەسێراوی مایەوەو لەسەر ئەم هەڵپەساردنەش هەڵسووڕانی بزووتنەوەی گۆڕان گوشارێکی گەورەیان بۆ سەر یەکێتی دەست پێکردووەو داوادەکەن دەبێت بە زۆری زۆرداری یەکێتی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێتی ئامادە نییە ئەوەی گۆڕان مەبەستێتی جێبەجێی بکات، وەك لە دواکۆبوونەوەی ئەم دواییەی یەکێتی و گۆڕان بینیمان، زۆر بە سارد و سڕی و بێ ئاکام کۆتایی هات، ئەمەش مانای ئەوەیە گۆڕان دەیەوێت هەموو گوشارێك بۆ سەر یەکێتی دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە هەر بمێنێت، لەبەرامبەردا ئەو مافە بە یەکێتی ڕەوا نابینێت کە وەك حزبێکی سیاسی و جەماوەری لە کوردستاندا خۆی بڕیار بدات لەگەڵ چ لایەنێکی سیاسی ڕێککەوتن دەکات و بە چ شێوازێك ڕێککەوتن دەکات.

**سەرکردایەتی یەکێتی زۆر زوو لەو پیلانەی نەوشیروان مستەفا تێگەیشتن و هەستیان کرد ئەوەی نەوشیروان مستەفا لە ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان ئامانجیەتی، ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و فرەیی سیاسی نییە، بەڵکو زەمینە خۆشکردنە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بچێتە ژێر باری هەڵە سیاسییە شکستخواردووەکانی گۆڕان و دژی پارتی ڕابوەستێت**

ئەو شێوازی سیاسەتکردنەی بزووتنەوەی گۆڕان مامەڵەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێدەکات، لە ڕەفتاری منداڵێکی لاسار و نازدار دەچێت و لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان تێکنەچێت و لەم بارودۆخە ناسکەدا کە کوردستان لەشەڕێکی گەورەی جیهانیدایە لە دژی تیرۆر، ئەم شەڕە نەدۆڕێنێت، زۆر موراعاتی بزووتنەوەی گۆڕان و ریکخەرەکەیان کردووە، لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەش، یەکێتی هەوڵیداوە زیاد لە پێویست موراعاتی گۆڕان بکات بۆ ئەوەی سەقامگیری ئەو دەڤەرە تیکنەچێت و ناچار نەبێت پەنا بۆ شێوازی دیکە بەرێت کە سنوور بۆ گۆڕان دابنێت، بەڵام بارودۆخی ئێستای کوردستان بەرەو قۆناخێکی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە بۆ نەتەوەکەمان هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەگەر سنوورێك بۆ ئەو لاساری و نازدارییە دانەنرێت، لەوانەیە سەقامگیریی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕووبەڕووی ناسەقامگیری ببێتەوە.

**بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارەی پارتی و خەڵکی کوردستان بداتەوە، ئایا کاتێک ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ڕێککەوتنێک ئیمزا دەکات، ڕێز لە ئیمزاکەی خۆی دەگرێت؟ ئەگەر ناتوانێت ڕێز لە ئیمزاکەی خۆی بگرێت، بۆچی ڕێککەوتن ئیمزا دەکات، یان ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەگومان بێت لەوەی گۆڕان ڕێزی ئیمزای خۆی ناگرێت، بۆچی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیمزا بکات؟**

## ● ڕێگە چارەکان زۆرن
## بەڵام گۆڕان نایەوێت کێشەکان چارەسەربکرێن

ساڵی پار کاتێك ڕێکخەری گشتیی گۆڕان لە ئەورووپا گەڕایەوە، لەیەکەم لێدوانیدا ڕایگەیاند: «سوپاسی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم کە نەچوونەتە ژێر گوشارەکانی پارتی..»، بێگومان هەموو لایەك دەزانێت پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی هێز و قەبارەوە مامەڵە لەگەڵ هیچ حزبێکی سیاسی ناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای ئاکاری سیاسەت و بەرنامەی حزبەکەی بەرامبەری مامەڵە دەکات، بۆیە پارتی نە ئەو کات گوشاری هەبووە لەسەر گۆڕان، نە ئێستاش هەیەتی، بەڵکو پارتی داواکاری لە گۆڕان هەیە، بەڵام ئەوە گۆڕانە کە گوشار دەخاتە سەر پارتی و وەڵام ناداتەوەو دەیەوێت پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا هەر بە چەقبەستوویی بمێنێتەوە.

بۆیە لە یەکەم لێدوانی نەوشیروان مستەفا دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا ئەو مانایە دەخوێندرێتەوە کە ئەو دەیەوێت بە خەڵکی کوردستان بڵێت: (سوپاسی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم کە لە قسەی من دەرنەچوون و ئامادەنەبوون لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنی تازە ئیمزا بکەن)، پاشانیش بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی و بە پێشوازیکردنی لە نوری مالیکی سەلماندی کە ئامانجی ئەوەیە لە کوردستاندا ئاشتی و سەقامگیری بەردەوام نەبێت.

لە کاتێکدا ئەم دێڕانە دەنووسین، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە جارێکی دیکە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، بۆیە ئومێدی ئەوە دەخوازین پەیامی ئەمساڵی وەك پەیامی ساڵی ڕابردووی نەبێت و ئەمجارەیان هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئاشتی و تەبایی و نەهێشتنی کێشە و ناکۆکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا. بەڵام جێگەی داخە، کاتێك وەك چاودێرێکی سیاسی

کۆی گشتیی بارودۆخی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا دەخوێنینەوە، زەحمەتە بتوانرێت بە دیدێکی گەشبینانە هاتنەوەی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ سلێمانی بخوێنینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بێباکی و عینادییەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو کێشانەی پێ دروست کردوون، هەست ناکرێت هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتبێت، بەتایبەتی ئەو هەڵسووڕاوانەی گۆڕان کە خزم و کەسی نزیکی نەوشیروان مستەفان و لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق پەرلەمانتارن، لێدوانەکانیان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە ئەوان وەك حزبێکی سیاسی هیچ باکیان بە بەرژەوەندی و ئایندەی کوردستان نییە و لە پێناوی ئەوەی دوای کەوتوون، ئامادەن یاری بەهەموو پیرۆزییەکانی ئەم وڵاتە بکەن، ئەوجا ئەو پیرۆزییانە ئاڵای کوردستان بێت، یان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، تەنانەت ناشیرینکردنی کوردستانیش بێت لەبەردەم وڵاتانی ئەوروپادا.

مەترسیی سەرەکی کە حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دروستی دەکات، ئەو مەترسییەیە کە حزبەکە بێباك و عیناد بێت و هەست نەکات کە نیشتمان و ئاڵایەکی هەیە و دەبێت ڕێزی لێ بگرێت، هەروەها بێباك و عیناد بێت و هەست نەکات ئەو حزبەی کە ئەو سووکایەتی پێدەکات، دەنگی ملیۆنان خەڵکی لەگەڵدایە و دەشزانێت ئاکامی ئەو سووکایەتی و ڕێزنەگرتنە سەرەنجام بۆ کوردستان بە قازانج تەواو نابێت.

بەڵام بەدیوێکی دیکەدا دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی ئێستای کوردستان جۆرێك لە گەشبینی هەڵبچێنرێت، کە ئەویش ئەوەیە کوردستان بەرەو دوو پرۆسەی گرنگ و دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرێت کە یەکەمیان ئەنجامدانی ڕاپرسییە و ئەوی دیکەیان هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستانە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان مەبەستیانە لە پرۆسەی ریفراندۆمدا هەڵوێستێکی ئەرێنییانە بەرامبەر ئیرادەی میللەتی خۆیان پیشان بدەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو بیکەنە کارتێکی گرنگ بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

ئەوجا کە ئەم دوو پرۆسەیە بەڕێوە بن، ئەمە دەرگایەکی دیکەی گەشبینی دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەم خولەی پەرلەمان بەرەو کۆتایی دەچێت، کە پەرلەمانیش بەرەو کۆتایی بچێت، ئەوا لەوانەیە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە پێداگرتن لەسەر مانەوەی یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەکەی وەك سەرۆکی پەرلەمان سوودێکی ئەوتۆی بۆ گۆڕان نەبێت، بەپێچەوانەوە مانەوەی کێشەی یوسف محەمەد وەك سەرۆك پەرلەمانێکی دەرکراو، لەوانەیە ببێتە کارتێکی دیکە بەدەستی گۆڕانەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەکاری بهێنێت، بۆیە مانەوەی یوسف محەمەد وەك سەرۆك پەرلەمانێکی دەرکراو، زیاتر سوودی بۆ گۆڕان دەبێت، نەك گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێدەچێت ئەمجارەیان مەسەلەی گەڕانەوەی یوسف محەمەد لای ڕێکخەری گۆڕان گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت.

هەربۆیە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو وەرچەرخانانەی بەڕێوەن، پێدەچێت ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هاتنەوەی ئەمجارەی بۆ سلێمانی ئامانجی ئەوە بێت بەشێوەیەك لە شێوەکان بزووتنەوەی گۆڕان یەکلایی بکاتەوە، ئەم بۆچوونە پشت بەو پێداگیرییەی بزووتنەوەی گۆڕان دەبەستێت کە داوادەکات بە هەر شێوازێك بێت ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان زیندوو بکاتەوە، ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێت کە ڕێکخەری گۆڕان هەوڵبدات هەندێك لە بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە هەموار بکرێتەوەو ڕێککەوتنەکە زیاتر تایبەتمەند بکرێت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی لە زۆنی سەوزدا، ئەمەش زەمینەیەك خۆش دەکات بۆ ئەوەی گۆڕان و یەکێتی تێکەڵ ببنەوە، ئەم تێکەڵکردنەوەیە لەوانەیە ڕێگەیەکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی گۆڕانی پێ یەکلایی بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم تیکەڵکردنەوەیە هەم بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەگەری دۆڕانێکی گەورە لە هەڵبژاردنی داهاتوو رزگار دەکات، هەمیش لەو عینادییە سیاسییە دووری دەخاتەوە کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ مانگە پرۆسەی سیاسیی کوردستانی دووچاری چەقبەستوویی کردۆتەوە.

**ئەمجارەیان ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی داعش و خەلافەتی ئیسلامی لە عێراقدا دەڕووخێنێت و لەسەر سینییەکی زێڕ ئەم سەرکەوتنە پێشکەشی ئێران و وەکیلەکانی لە عێراقدا ناکات، ئەم ستراتیژەی ئەمریکاش پێویستی بەوە دەبێت کە پێش هەموو شت عێراق و کوردستان لەیەکتری جیابکاتەوە و بە میتۆدێکی تازە پەیوەندی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە ڕێکبخاتەوە**

**هەموو هەوڵی لایەنە سیاسییەکانی شیعە و نوری مالیکی و حزبی دەعوە لەو خاڵەدا چڕبۆتەوە کە دان بە واقیعی تازەدا نەنێن و کەوتوونەتە گوتنەوەی بەیت و بالۆرە و شین بۆ یەکپارچەیی عێراق دەکەن و دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن کە دەتوانن عێراقی پێشوو دووبارە بگێڕنەوە، کە ئەمەش بێجگە خەیاڵێکی بێ بنەما شتێکی دیکەی لی دروست نابێت**


# بۆ سەربەخۆیی... ئەمڕۆ بڕیار بدەین، سبەی درەنگە

## ئەوانەی بیانوو بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەدۆزنەوە گومانم لە کوردبوونیان هەیە

**● دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەر نەگبەتی و ماڵکاولی بووە بۆ کوردستان**

پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆتە قسە و باسی گەرمی نێوان حزبە سیاسییەکان و ناوەندەکانی میدیا و رای گشتی، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەندێك کەس لەناو حزبە سیاسییەکاندا باس لەوە دەکەن هێشتا کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نییە! لەوەڵامی ئەو خەڵکانەدا من وەك کەسێکی سەربەخۆ کە پەیوەندیم بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە، راشکاوانە دەڵێم سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و رووخانی بتەکانی سەدام حوسێن، سەربەخۆیی رابگەیاندایە و خۆی تێکەڵی عێراق نەکردایەوە، یان لانیکەم دەبوو دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ کە هاوکات پرۆسەیەکی نافەرمیی ریفراندۆمیش لەگەڵی ئەنجامدرا و زیاتر لە ٩٨٪ی خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا، ئەوکات ئیتر بڕیاری سەربەخۆیی بدات و خۆی لە پاشکۆیەتی عێراق رزگار بکات. بۆیە ئێستا کە بارودۆخێك هاتۆتەپێشەوە بۆ ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەی دەبوو زووتر بکرێت، بەڵام ئێستا بکرێت جێگەی دەستخۆشییە و دەبێت پشتگیری لێ بکرێت، لە بەرامبەردا ئەوانەی بەرو بیانوو دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی گوایە کاتی ئەوە نییە ریفراندۆم ئەنجام بدرێت و سەربەخۆیی رابگەیەندرێت، بە راشکاوی دەڵێم من گومانم لە کوردبوونیان هەیە، ئەوجا ئەو کەسانە سەر بە کام حزبی سیاسی بن، یان ئەو حزبە سیاسییەی کە پشتگیری ئەو بۆچوونانە دەکات، هەر حزبێکی سیاسی بێت.

لەم روانگەیەوە من وەك مەلایەکی سەر مینبەر کە ماوەی ١٥ ساڵ لە کەرکووك مەلایەتیم کردووە، لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، پێشنیارم بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کردووە کە ناسنامەکانی باری شارستانی و رەگەزنامە و پەساپۆرتی عێراقیی خۆمان بسووتێنین و چیتر خۆمان بە عێراقی نەزانین و ئامادەیی خۆم پیشانداوە پێش هەمووان من دەیانسووتێنم، ئەم پێشنیارە لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە کە ئێمە دوای ساڵی



**د. سیروان ئەحمەد قادر**

مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

٢٠٠٣ لەو عێراقە رزگارمان ببوو کە بەزۆر پێوەی لکێندرابووین، لەو سیاسەتە شۆڤینییەی بە عەرەبکردن و راگواستن و دوورخستنەوە رزگارمان بوو کە عێراق لەسەر ناسنامەی کوردبوونمان لە دژی نەتەوەی ئێمە پیادەی دەکرد. بۆیە دەبوو ئەو کات بڕیاری خۆمان بۆ سەربەخۆیی بدەین و دوامان نەخستایە بۆ ئێستا.

زۆر جاران کە زۆر توند لەسەر لکاندنی کوردستان بەعێراقەوە رای خۆم دەردەبڕم، رووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبمەوە و پێم دەڵێن: مامۆستا کە تۆ ئەوەندە لە عێراق بێزار بوویت، بۆچی خۆت کاندید کرد بۆ پەرلەمانی عێراق و بوویت بە ئەندام لەو پەرلەمانەی کە بڕوات پێی نییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پێیان دەڵێم: من بۆ پەرلەمانی عێراق کاندیدی تایبەتی بەڕێز مام جەلال بووم و بۆ ئەوەش چووم بۆ پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی کورد بکەم و بەشداربم لەدانانی ئەو یاسایانەی مافەکانی کورد لە کوردستان دابین دەکات، بۆیە ئەو کاتیش کە پەرلەمانتاری عێراق بووم، هەرگیز خۆم بە عێراقی نەزانیوەو هاوکارە پەرلەمانتارەکانی کورد لەبەغدا ئاگادارن کە هەموو جار پێم دەگوتن، تکاتان لێدەکەم با ئێمە تەنیا لەسەر ئەو یاسا و بڕیارانە کاربکەین کە پەیوەندییان بەکوردستانەوە هەیە و ئێمە بەشداری تێدا بکەین. بۆچی ئێمە ببینە هاوکار و یاریدەدەر و یاسا بۆ وڵاتێك رێکبخەینەوە کە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تەنیا کاری ئەوە بووە کە دوژمنایەتی نەتەوەکەمان و مافە رەواکانی بکات؟ ئێمە لەم عێراقەدا هەرگیز برایەکمان نەبووە بە ناوی عەرەب، کە ئەمەش دەڵێم من کەسێکی رەگەزپەرست نیم، بەڵام مێژووی نزیکەی ١٠٠ ساڵی دروستکردنی عێراق ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە عەرەب بە درێژایی ئەم سەدەیە هەرگیز کوردی وەك برا و هاوبەشی خۆی لە عێراقدا سەیر نەکردووە.

لە ئێستادا کاتێك باسی عەرەب دەکەین، دەبێت بگوترێت عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراق کە لە ناو خۆیاندا لەسەر هەموو شتێك شەڕیانە و سەری یەکتری دەپەڕێنن، بەڵام هیچ کامیان دانێکی خێر بە کورددا نانێن و بێگومان دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، عەرەبی شیعە و سوننە پێکەوە شەڕی

کوردستان دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هەر لە ئێستاوە سەرەتاکانی ئەو حاڵەتە دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەوارە و بەشداریی کورد لە حکومەتی بەغدا کەم دەبێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەچێت کورد بوونی لە حکومەتی بەغدا نامێنێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەم ڕاستییانە لەبەر چاو بگیرێت و کورد خۆی بڕیار بدات سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بە عێراقی عەرەبییەوە نەمێنێت.

**● خەڵکی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی دەدات نەك حزبە سیاسییەکان**

ئەوەی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە حزبەکان نایانەوێت ئەو کێشانەی لەنێوانیاندا هەیە یەکلایی بکەنەوە، چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانەش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانیش هەبێت، بۆیە زۆر جار ئەو پرسیارە دێت بە خەیاڵمدا ئایا بۆ دەبێت کێشەیەکی چارەنووسسازی وەك ریفراندۆم و سەربەخۆیی بدەینە دەست حزبە سیاسییەکان، لە کاتێکدا ڕێکخستن و لایەنگرانی حزبەکانی کوردستان لەچاو خەڵکی کوردستاندا کەمینەن، هەر بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان کە گەورەترین حزبی سیاسیە لە کوردستاندا چەند ڕێکخستنی هەبێت ژمارەی ٤٠٠- ٥٠٠ هەزار تێپەڕ ناکات، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بابڵێین ئەویش نزیکەی ئەو ژمارەیە یان شتێك کەمتر ڕێکخستنی هەیە، بزووتنەوەی گۆڕانیش لەوانەیە نزیکەی ١٠٠ هەزارێك ڕێکخستنی هەبێت، هەردوو حزبەکەی دیکە (کۆمەڵ و یەکگرتوو) لەچاو پارتی و یەکێتی و گۆڕان، حزبی بچووکن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە سەیری ژمارەی ڕێکخستنی حزبەکان بکەین بە هەموویان ناگاتە یەك ملیۆن کەس، بەڵام ئەگەر ریفراندۆم لە باشووری کوردستان ئەنجام بدرێت لە خانەقینەوە تا شنگال، ئەوا ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان دەبێت لە ٣-٤ ملیۆن کەس کەمتر نابێت، باشە دەکرێت چارەنووسی ٦-٧ ملیۆن هاووڵاتی بدرێتە دەستی ئەو حزبە سیاسییانە کە هەموویان پێکەوە ژمارەی ڕێکخستنەکانیان لە یەك ملیۆن کەس تێپەڕ ناکات. یان ئەم حزبانە تەحەکومی پێوە بکەن.

بۆیە من پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەم کە دەبوو سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بگەڕایەتەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان و سەربەخۆیی ڕابگەیاندایە و ئەم پرسەی لەدەستی حزبەکان دەربهێنایە و پرسی بەکەس نەکردایە و شەرمی لە کەسیش نەکردایە و بڕیاری خۆی بدایە، ئەمەش مانای ئەوەیە بە بۆچوونی من هەر کەس و لایەنێك ئاواتی سەربەخۆیی نەبێت و ئامادە نەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕای گەل و جەماوەری خۆی، ئەوا بە ڕاستی گومان لەسەر کوردبوونی خۆی دروست دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی لەسەر ئەم پرسە قسە بکەم، بەو حیسابەی من خۆم بە هەوادارێکی یەکێتی زانیوە، ڕاشکاوانە ئەوە دەڵێم، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو کاتەوەی من ناسیومە دروشمی سەرەکی مافی چارەی خۆنووسین بووە بۆ کوردستان، بۆیە ئەوانەی کە وەك پەرلەمانتاری یەکێتی لە بەغدا بەرگری لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن، ئەوا دەبێت بە ئاشکرا بڵێن ئەوانە نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا ناکەن و مانای ئەوەیە ئەوانە یەکێتییش نین، لەبەر ئەوەی یەکێتی دروشمەکەی مافی دیاریکردنی چارەنووسە، سەبارەت بە بزووتنەوەی گۆڕانیش، ئەم بزووتنەوەیە هەر لە یەکەم ڕۆژیان کە هاتنە ناو پەرلەمانی عێراق، چووینە لایان بۆ ئەوەی کۆدەنگی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دروست بکەین، بەڵام ئەوان ڕاشکاوانە پێیان گوتین: ئێمە نەهاتووین بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەین، ئەم قسانەی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ئەرشیفەکانی پەرلەمانی عێراقدا بوونیان هەیە، هەروەها لەکاتی ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١، پەرلەمانتارانی گۆڕان زۆر هەوڵیان دا بەیاننامەیەك لەناو پەرلەماندا بخوێننەوە بۆ ئەوەی داوا لە نوری مالیکی بکەن هێزەکانی خۆی ڕەوانەی سلێمانی بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەیانویست بڵێن، هێزەکانی

**پێغەمبەر ( د.خ) هەر نەتەوەیەکی هێنابێتە ناو ئیسلام پێی گوتوون ئاڵای خۆتان بەرزبکەنەوە باخەڵک ببینێت و بە ئاڵاکەی خۆتان بتانناسنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ڕێزی لە ئاڵا گرتووە، بۆیە ئەگەر کەسێک ڕێز لە ئاڵای خۆی نەگرێت، ڕێزی لە ئیمان و ئایینی خۆیشی نەگرتووە**

**نەوشیروان مستەفا سووکایەتی گەورەی بە کەرکووکییەکان کردووەو بە ڤیدیۆی تۆمارکراو هەیە کە دەڵێت: ئاوارەکانی کەرکووک کوردستان وەک مانگا دادەدۆشن**

**هەرگیز ناکرێت و نابێت جارێکی دیکە باسی مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو ماددە دەستوورییەی عێراق خۆی لە جێبەجێکردنی دەدزییەوە، ئێستا بە خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکانمان جێبەجێکراون و نابێت پاشەکشەی لێ بکرێت و ئەو سنوورەی بە خوێن و قوربانیدان دیاری بکرێت، نابێت هەرگیز پاشەکشەی لێ بکرێت**

پۆلیس و ئاسایشی کوردستان میلیشیان و دەبێت هێزی ئاسایش و پۆلیسی مالیکی جێگەیان بگرێتەوە! بەڵام کاك عارف تەیفور کە ئەو کات جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بوو، رێگەی نەدا ئەو بەیاننامەیە بخوێننەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕانیش لەسەر کەرکووك و کەرکووکییەکان، من خۆم گوێم لە نەوشیروان مستەفا بووە کە گوتوویەتی بۆچی حەویجە سەر بە کەرکووك بێت و حەویجەمان بۆ چییە؟ ئەمە لە کاتێکدا هەتا ساڵی ١٩٤٧ حەویجە بەشێکی کوردستان بووە لەسەر کەرکووك و عەرەب بۆ لەوەڕاندنی مەڕ وماڵاتەکانیان دەهاتنە ئەو ناوچەیە و پاشان بە ترساندن و تۆقاندن کوردانی ئەو ناوچەیان تەرحیل کرد و داگیریان کرد، پێشتریش لەسەر مەسەلەی حەویجە من لە بەغدا بە کاك فازڵ میرانی و کاك مەلا بەختیار-م راگەیاند، ئێستا فرسەتە با ئاوەکە لەسەر حەویجە بگرینەوە، بۆ ئەوەی عەرەبی حەویجە ناچار بێت، ئەو شارە کوردستانییە چۆڵ بکات و بگەڕێتەوە سەر کەرکووك، بەڵام نەوشیروان مستەفا پێی دەگوتین حەویجەمان بۆچییە، هەروەها پێشتریش نەوشیروان مستەفا سووکایەتی گەورەی بە کەرکووکییەکان کردووە و بە ڤیدیۆی تۆمارکراو هەیە کە دەڵێت: ئاوارەکانی کەرکووك کوردستان وەك مانگا دادەدۆشن، لەکاتی هەڵبژاردنەکانی عێراقیشدا کاتێك خۆم لەسەر لیستی یەکێتی کاندید کرد، کادیرەکانی گۆڕان هاتنەلام و پێیان گوتم حەزدەکەین لەسەر لیستی گۆڕان خۆت کاندید بکەیت، منیش پێم گوتن هەتا نەوشیروان مستەفا لەسەر تەلەفزیۆن داوای لێبووردن لە کەرکووکییەکان نەکات، من رازی نابم، کەی نەوشیروان مستەفا داوای لێبووردنی لە خەڵکی کەرکووك کرد، ئەوکاتە منیش رازی دەبم ببمە کاندیدی لیستی گۆڕان. هەروەها بزووتنەوەی گۆڕان غەدرێکی گەورەتری لە کەرکووك کرد کە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بە لیستی جیاواز لە پارێزگای کەرکووك دابەزین، ئەوکات چەند هەوڵمان دا کە ناکرێت کێشە سیاسییەکانی خۆتان لە هەرێمی کوردستان تێکەڵی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك بکەن و کەرکووك بارودۆخێکی جیاوازی هەیە و گرنگە هەموو حزبەکان لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێکەوە بەیەك لیست بەشداری بکەن، بەڵام ئەو جیاوازییەیان دروستکرد، بەمەش نزیکەی دوو کورسیی کەرکووك لە ناو پەرلەمانی عێراقدا لەدەستچوون.

لەلایەکی دیکەوە ئەو غەدرەی کە گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانیی کرد و ئەو شکستەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەسەر یەکێتی هات ئەو بێ ڕێزییەی بەرامبەر یەکێتی کرا، هەر هەمووی گۆڕان بەسەر یەکێتی هێنا، بۆیە ئەگەر من بڕیاردەر بوومایە لەناو سەرکردایەتی یەکێتی، هەرگیز ڕێککەوتنم لەگەڵ گۆڕان ئیمزا نەدەکرد، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گۆڕان راستگۆ بوو لەگەڵ ئەو دروشمانەی بەرزی کردبوونەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە بەسەرهاتێك دەگێڕمەوە. دەڵێن کابرایەك کوێر ببوو، پێیان گوتبوو ئەگەر نەشتەرگەری بۆ بکەین، رووناکی بۆ چاوەکانی دەگەڕێتەوە، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە لێیان پرسی ئەرێ تۆ هیچ دەبینی، ئەویش لەوەڵامدا گوتبووی، وەڵا ئەمانەی لەدەوروبەرم دەڵێن دەبینیت، بەڵام من خۆم هیچ نابینم، بۆیە منیش دەڵێم ئەوەی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکرد، خۆیان دەڵێن شتێك دەبینین، بەڵام بەخوا من هیچ نابینم، بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا هەر لەسەرەتاوە ئەو بایەخەیان بە کەرکووك و پرسی گەڕانەوەی ناوچە جێ ناکۆکەکان و ماددەی ١٤٠ نەداوە، بۆیە هەڵوێستیان لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئاشکرایە و نەیانشاردۆتەوە. سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکانیش، من هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبووم ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێکەڵی ئەمجۆرە سیاسەتە بکرێت کە ئێستا حزبە ئیسلامییەکان پیادەی دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبە ئیسلامییەکانیش وەك حزبەکانی دیکە شوێن بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون، لەسەر ئەم پرسە تەحەددایان دەکەم لە دەرەوەی کادیرەکانی خۆیان کەسێکی لێهاتوویان بۆ ئەو پشکانەی بەریان کەوتووە وەك وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی کاندید کردبێت، واتە ئەوانیش وەك حزبەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان

**هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک بە عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری و سریانەوە وەک خەڵکی سەربەخۆ دوور لە کاریگەریی حزبە سیاسییەکانیان، لەگەڵ ئەوەن کەرکووک بەشێک بێت لە کوردستان، لەبەر ئەوەی خۆیان بە چاوی خۆیان دەبینن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەوان بەبێ جیاوازی دەپارێزێت، بۆیە حەزدەکەن هەر لەژێر سێبەری کوردستان و پێشمەرگەدا بن**

**عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراق کە لە ناو خۆیاندا لەسەر هەموو شتێک شەڕیانە و سەری یەکتری دەپەڕێنن، بەڵام هیچ کامیان دانێکی خێر بە کورددا نانێن**

**ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی سەدام حوسێن رووخا، ئێمە هەموو خاکی خۆمان کەوتە دەستی خۆمان تەنانەت عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک هەموویان هەڵاتبوون و ناسنامەی کوردستانیی کەرکووک گەڕابووەوە شوێنی خۆی، بەڵام لەو قۆناخەدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەڵەیەکی گەورەی کرد کە سەربەخۆیی رانەگەیاند و خۆی تێکەڵی عێراق کردەوە و ناکرێت لە ئێستاشدا هەمان هەڵەی ٢٠٠٣ دووبارە بکرێتەوە**

**پێویستە حزبە ئیسلامییەکان لانیکەم لەسەر ئەوە خۆیان ساخبکەنەوە کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد پێش هەرشتێک با سنووری خۆمان هەبێت، بۆیە کاتێک برِو بیانوو دێننەوە بۆ ئەوەی گوایە ئێستا کاتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نییە، من پێیان دەڵێم: ئەمرۆ بڕیاری سەربەخۆیی بدەین لە بەیانی باشترە، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی بەیانیی خۆمان نین و نازانین بەیانی چی روودەدات**

**هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبووم ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێکەڵی ئەمجۆرە سیاسەتە بکرێت کە ئێستا حزبە ئیسلامییەکان پیادەی دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبە ئیسلامییەکانیش وەک حزبەکانی دیکە شوێن بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون، لەسەر ئەم پرسە تەحەددایان دەکەم لە دەرەوەی کادرەکانی خۆیان کەسێکی لێهاتوویان بۆ ئەو پشکانەی بەریان کەوتووە وەک وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی کاندید کردبێت**

هەوڵدەدەن، بۆیە هەموو جار تکام کردووە با ئەم ئایینە پاك و جوانە تێکەڵی ئەو سیاسەتە نەکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەم حزبە ئیسلامییانە هەر یەکەیان خۆی بەلایەکدا ساخکردۆتەوە، یان ناتوانن خۆیان ساخبکەنەوە، بۆیە پێویستە حزبە ئیسلامییەکان لانیکەم لەسەر ئەوە خۆیان ساخبکەنەوە کە ئێمە وەك نەتەوەی کورد پێش هەرشتێك با سنووری خۆمان هەبێت، بۆیە کاتێك برِو بیانوو دێننەوە بۆ ئەوەی گوایە ئێستا کاتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نییە، من پێیان دەڵێم: ئەمرۆ بڕیاری سەربەخۆیی بدەین لە بەیانی باشترە، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی بەیانیی خۆمان نین و نازانین بەیانی چی روودەدات، دەبێت هەموو ئەو راستییە ببینین کە حەشدی شەعبی بۆ ئەوە کۆکراوەتەوە کە سبەینێ شەڕی ئێمەی پێ بکەین.

لێرەوە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە پرسی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، پرسی خەڵکی کوردستانە و ئەو خەڵکە بڕیاری لەسەر دەدات کە ماوەی ٤ ساڵە بەغدا مووچەکەی بڕیوە و باجەکەی دەدات و ئەم پرسە پرسی حزبە سیاسییەکان نییە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەحەکوم بە چارەنووسی نەتەوەیەکەوە بکەن.

**● هەرچیمان بەسەر هاتووە**
**هۆکارەکەی ئەوەیە بەشێکین لە عێراق**

عێراق ئێستا پارچە پارچە بووەو رۆژانە دەوڵەتانی دراوسێی بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی تێدا دەکەن، ئەمە مانای ئەوەیە ئێستا عێراق دەوڵەتێکە نەك خاوەنی سەروەریی نییە، بەڵکو ئیرادەی سیاسیشی سەربەخۆ نییە. بۆیە بۆ ئێمە وەك کوردستان چەند زووتر خۆمان لە پاشکۆیەتی عێراق رزگار بکەین، هێندە زووتر لەو نەهامەتی وماڵکاولییە رزگارمان دەبێت کە بەهۆی عێراقەوە بەسەرماندا هاتووە.

لێرەوە من ناگەڕێمەوە بۆ رابردوو و راستەوخۆ دێمە سەر ساڵی ٢٠١٤ کە کاتێك نوری مالیکی بودجە و مووچەی کوردستانی بڕی و پاشانیش داعش سەریهەڵدا و موسڵی داگیرکردو دوای ئەویش هێرشیان کردە سەر کوردستان، ئەمانە هەمووی دەرهاویشتەی سیاسەتە هەڵەکانی بەغدان کە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کوردستان دروستکردووە، تەنانەت دروستبوونی داعشیش دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە هەڵانەی نوری مالیکی بوو کە لەبەرامبەر سوننە پیادەی دەکرد.

بە هەرحاڵ کوردستان لەماوەی سێ ساڵی رابردووی شەڕی دژی داعش بە درێژایی سنوورێکی پتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتری شەڕی مان و نەمانی لە دژی تیرۆریستان کردووەو زیاتر لە ١١ هەزار پێشمەرگەی شەهید و بریندارمان هەیە، هەروەها ئەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات و ژن و کچەکانیان رفاندن و کردیانن بە کۆیلە کە هیچ شەرع و یاسایەك قبووڵی ناکات، دەبێت بزانین ئەم شەڕە مالیکی بۆی دروست کردین و هەر ئەو بوو کە موسڵی تەسلیمی داعش کرد، ئەم قسانەی دەیکەم هەر هەموویان لەو دۆسیانەدا هەن کە ئێستا لەبەردەم دادگای عێراقیدا بوونیان هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا بەداخەوە هەندێك کەس کە بە کوردی قسەدەکەن و باس لە پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن، کە لێرەدا بە پێویستی نازانم ناوەکانیان ئاشکرا بکەم، ئەوانە سوودمەند بوون لەو نەهامەتییانەی بەسەر کورد و کوردستان هاتووەو کاتێکیش سوودمەند بووبن، ئەوا بێگومان بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن، بۆیە من قسەی ئەوانە بە هەند وەرناگرم و گوێشیان لێ ناگرم، بەڵکو سەیری نەهامەتییەکانی گەلەکەی خۆم دەکەم، لە ئێستادا نزیکەی ١-٢ ملیۆن فەرمانبەر لە کوردستان کە مووچەکانیان لە بەغدا بڕاوە و ماوەی سێ ساڵە بەو مووچەیە خۆیان بەڕێوە دەبەن کە حکومەتی کوردستان بۆی دابینکردوون کە رێژەکەی لە نیوەش کەمترە، ئایا قەت بووە دەوڵەتێك مووچەی فەرمانبەرانی خۆی ببڕێت؟ ئەگەر ئێمە سەربەخۆ بوونایە و خاوەنی ئابووریی خۆمان بووینایە، هەرگیز بەغدا نەیدەتوانی مووچەی فەرمانبەرانی ئێمە ببڕێت.

ئەگەر ئێمە سەربەخۆ بووینایە، ئەوا هەرگیز نوری مالیکی نەیدەتوانی هۆزەکانی کەرکووك و دیالە پڕچەك بکات بەناوی فەرماندەی دیجلە بۆ ئەوەی کەرکووك و کوردستانی پێ داگیر بکاتەوە، کە پاشانیش رێگە نەدرا ئەو هێزە بێتە ناو کەرکووکەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پێش مالیکی کە مێژووی حوکمڕانیی عەرەبی سوننە و حزبی بەعس بووە، ئایا ئەگەر ئێمە سەربەخۆ بووینایە، دەیانتوانی کیمیابارانمان بکەن و ١٨٢ هەزار کەسمان ئەنفال بکەن، یان پێشتر کە ٨ هەزار بارزانی و چەندین هەزار کوردی فەیلییان ئەنفال کرد، بۆیە ئەوەی بەسەرمان هاتووە هەمووی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە سەربەخۆ نەبووین و خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نەبووین.

بۆیە لێرەوە دووبارەی دەکەمەوەو دەڵێم ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخا، ئێمە هەموو خاکی خۆمان کەوتە دەستی خۆمان تەنانەت عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک هەموویان هەڵاتبوون و ناسنامەی کوردستانیی کەرکووك گەڕابووەوە شوێنی خۆی، بەڵام لەو قۆناخەدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەڵەیەکی گەورەی کرد کە سەربەخۆیی ڕانەگەیاند و خۆی تێکەڵی عێراق کردەوە و ناکرێت لە ئێستاشدا هەمان هەڵەی ٢٠٠٣ دووبارە بکرێتەوە.

ئێستا کە بەرەو کۆتاییەکانی شەڕی دژی داعش دەچین، هەلێکی زۆر باش بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە، بەشی هەرە زۆری خاکی ئەم بەشەی کوردستان بە خوێن و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە ئازادکراوەتەوە و لەبەر دەستی خۆماندایە، پرسیار ئەوەیە ئایا دەکرێت چیدیکە خۆمان بە عێراقی بزانین و ئەوەی بە خوێنی پێشمەرگە ڕزگارمان کردووە، تەسلیمی عێراقی بکەینەوە؟ ئەمە هەرگیز ناکرێت و نابێت جارێکی دیکە باسی مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو ماددە دەستوورییەی عێراق خۆی لە جێبەجێکردنی دەدزییەوە، ئێستا بە خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکانمان جێبەجێکراون و نابێت پاشەکشەی لێ بکرێت و ئەو سنوورەی بە خوێن و قوربانیدان دیاری بکرێت، نابێت هەرگیز پاشەکشەی لێ بکرێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ مەسەلەی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک و پرسی کوردستانیبوونی کەرکووکە، من لێرەدا بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم، هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووك بە عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری و سریانەوە وەك خەڵکی سەربەخۆ دوور لە کاریگەریی حزبە سیاسییەکانیان، لەگەڵ ئەوەن کەرکووك بەشێك بێت لە کوردستان، لەبەر ئەوەی خۆیان بە چاوی خۆیان دەبینن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەوان بەبێ جیاوازی دەپارێزێت، بۆیە حەزدەکەن هەر لەژێر سێبەری کوردستان و پێشمەرگەدا بن. ئەم پرسە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیش ئەم مەسەلەیەی باشتر ڕوونکردەوە کە بێجگە لەکورد، پێکهاتەکانی دیکەش ڕێزیان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان گرت، بەڵام لەوانەیە هەندێکیش هەبن لە ژێر کاریگەریی حزبە سیاسییەکاندا دژایەتی خۆیان بۆ ئاڵای کوردستان پیشان بدەن، بەڵام ئەوانە لەناو کەرکووك کەمینەن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت، لەمەش زیاتر خۆ لەوانەیە خەڵکی کوردیش هەبێت لە ژێر کاریگەریی حزبەکانیان ئاڵای کوردستان بە کەرکووك ڕەوا نەبینن، بەڵام من بەو کوردانە دەڵێم، هەر کوردێك ڕێز لەو ئاڵایە نەگرێت، ناتوانێت ڕێز لە ئیمان و ئایینەکەی خۆیشی بگرێت. پێغەمبەر ( د.خ) هەر نەتەوەیەکی هێنابێتە ناو ئیسلام پێی گوتوون ئاڵای خۆتان بەرزبکەنەوە باخەڵك ببینێت و بە ئاڵاکەی خۆتان بتانناسنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێغەمبەری ئیسلام ( د.خ) ڕێزی لە ئاڵا گرتووە، بۆیە ئەگەر کەسێك ڕێز لە ئاڵای خۆی نەگرێت، ڕێزی لە ئیمان و ئایینی خۆیشی نەگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕێز لە مرۆڤایەتیش ناگرێت.

کۆباسی ئەم دێڕانە لە چەند وشەیەکدا چڕدەکەمەوە، کە ئەویش ئەوەیە خەڵکی کوردستان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی دوور لەکاریگەری حزبە سیاسییەکان، ئامادەن بۆ ئەوەی بڕیاری سەربەخۆیی بدەن، بۆیە باشترە ئەم پرسە چارەنووسسازە بگەڕێندرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ڕێگە نەدرێت حزبە سیاسییەکان تەحەکوم بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە بکەن، ئێستا کاتی سەربەخۆییە و ناکرێت دوابخرێت بۆ سبەی لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین سبەی چی ڕوودەدات و ڕووبەڕووی چی دیکە دەبینەوە.

**گۆڕان غەدرێکی گەورەتری لە کەرکووک کرد کە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بە لیستی جیاواز لە پارێزگای کەرکووک دابەزین، ئەوکات چەند هەوڵمان دا کە ناکرێت کێشە سیاسییەکانی خۆتان لە هەرێمی کوردستان تێکەڵی هەڵبژاردنەکانی کەرکووک بکەن و کەرکووک بارودۆخێکی جیاوازی هەیە و گرنگە هەموو حزبەکان لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێکەوە بەیەک لیست بەشداری بکەن، بەڵام ئەو جیاوازییەیان دروستکرد، بەمەش نزیکەی دوو کورسیی کەرکووک لە ناو پەرلەمانی عێراقدا لەدەستچوون**

**لەکاتی ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١، پەرلەمانتارانی گۆڕان زۆر هەوڵیان دا بەیاننامەیەک لەناو پەرلەماندا بخوێننەوە بۆ ئەوەی داوا لە نوری مالیکی بکەن هێزەکانی خۆی ڕەوانەی سلێمانی بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەیانویست بڵێن، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی کوردستان میلیشیان و دەبێت هێزی ئاسایش و پۆلیسی مالیکی جێگەیان بگرێتەوە**


# شکۆ و بوونی نەتەوە لە ناو دەوڵەتدا دروست دەبێت و ڕەنگدەداتەوە

**خواست و هیوای ئێمە ئەوەیە کە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەوە تێبگەن کە ئێمە دەمانەوێت بە زمانی ئاشتی و دیالۆگ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان سەربخەین**

ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان بایەخێکی زێدە گرنگ بە پرسێك دەدات کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە، بۆیە منیش دەخوازم لەم بابەتەدا بۆچوونەکانم لەسەر پرسی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان چڕبکەمەوە.

ئەو بارودۆخەی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە ئێستادا فەراهەم بووە، بە درێژایی مێژوو دەرفەتێکی لەو جۆرە بۆ کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نەهاتۆتەپێشەوە، هەر بۆیە ئەگەر بەدیدێکی تازە و لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتە تازەکاندا خوێندنەوەی ورد بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بکەین، بە ڕاشکاوی هەست دەکەین دەرفەتێکی لەبار هاتۆتەپێشەوە و ناکرێت بەهیچ جۆرێك ئەم دەرفەتە لەدەست بدرێت، خۆ ئەگەر بە ئەقڵییەتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێندنەوە بۆ پرۆسەی سەربەخۆی کوردستان بکەین، ئەوا هەست بە جۆرێك لە ئاستەنگ و تەنانەت ساردبوونەوەش لەم پرۆسەییە دەکەین، بۆیە ئێمە لێرەدا جیا لەوەی دەگەڕێینەوە بۆ بایەخ و گرنگیی دەوڵەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەهەمانکاتدا لە ڕوانگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان شرۆڤە دەکەین کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کردووەو بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرین کە دووبارە هاوکێشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێکی دیکە دابڕێژدرێتەوە.

سەبارەت بە گرنگیی دەوڵەت بۆ شکۆی نەتەوە و بەرجەستەکردنی بوونی نەتەوە، بەپێی تێگەیشتنی من لە پێش شەش هەزار ساڵەوە ئەو ڕاستییە بۆ هەموو جیهان ئاشکرابووە کە دەوڵەت بناخەی پێشکەوتنی هەموو میللەتان بووە و هەموو هیوا و ئاواتەکانیان لە سەر دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان بونیاد ناوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخیش، ئەوا دیسان هێندەی من لێی تێگەیشتووم، دەوڵەت لەسەر بنەمای فەلسەفەی میکیاڤیلی دامەزراوە، بۆیە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەم منیش هەوڵمداوە هەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان بکەم، ئەمەش بەو مانایەی ئایا دەوڵەتی کوردستان تا چەند لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەو چەندیش لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعشە؟ ئەمەش لەبەر ئەوەی دەخوازم خوێنەری ئەم دێڕانە هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە گرنگە بکات کە لە ئێستادا تاچەند دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەدژی داعش



د.محەمەد ساڵح جومعە

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێکەوە گرێدەداتەوە و پێکهێنانی ئەم دەوڵەتە دەکاتە ئامانجێکی هاوبەشی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

لایەنێکی دیکەی گرنگیی دەوڵەت لە بیرکردنەوەی نەتەوەدا، ئەوەیە کە دەوڵەت لە بیرکردنەوەی نەتەوەدا تەنیا پەرستگایەکە کە نەتەوە رووی تێدەکات، بۆیە بەدرێژایی مێژوو نەتەوەکان ئایینیان کردۆتە هۆکارێك بۆ خزمەتی دەوڵەت، بەپێچەوانەشەوە ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان خستبێتە خزمەتی ئایینەوە ئەوا ئەو نەتەوانە نە دەوڵەتیان ماوە و نە بوونی خۆشیان وەك نەتەوەیەکی زیندوو لە جیهاندا ماوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شۆڕشی فەڕەنسا لە ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩ ئامانجی سەرەکییان ئەوە بوو کە ئایین و دەوڵەت لە یەکتری جیابکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی نابێت چیدیکە دەوڵەت لە خزمەتی ئاییندا بێت، یان ئایین دەوڵەتی نەتەوەیی ئاراستە بکات.

لەسەر ئەم پرەنسیپانە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر بارودۆخی کوردستان و تەواوی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین کێشەی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە ناتوانین ئایین و دەوڵەت، یان حزبی سیاسی و دەوڵەت لەیەکتری جیا بکەینەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەی بەسەر کورد و تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەو رێگەی لە پێشکەوتنی ئەوان گرتووە.

بۆ ئێستای کوردستان دەبێت ئامانجی هەرە سەرەکیمان لەوەدا چڕبکەینەوە بەوەی ئامانجی ئێمە پێش هەر شتێکی دیکە دروستکردنی دەوڵەتە، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەت مافێکی سروشتیی گەلی کوردستانە، لەم پێناوەشدا دەبێت هەر بیروبۆچوونێك ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پرۆسەیە، رەتبکرێتەوە، ئەوجا ئەو ئاستەنگانە بەناوی برایەتی و ئایینی بێت، یان جیاوازی بیروبۆچوونی حزبایەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە لەژێر پەردەی هاوئایینی و برایەتی کوردستانیان داگیرکردووەو لەپەنای ئەم دروشمانەشەوە کوردیان بە چاوی کۆیلە و هاووڵاتی پلەدوو و میوان لە نیشتمانی خۆی سەیرکردووە.

لەم راستەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو بەگشتی و مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام بەتایبەتی، ئەوا لەو رۆژەوەی ئیسلام هاتۆتە وڵاتی ئێمە، گەلی ئێمە گەلێکی موسڵمان بووە، بەڵام لەژێر پەردەی ئیسلامدا لەلایەن عەرەب و فارس و تورکەوە مامەڵەی کۆیلایەتییان لەگەڵ ئەو گەلە موسڵمانە کردووە و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە کە خەبات و مقاوەمەتی دژی کۆیلایەتی

**بەدرێژایی مێژوو نەتەوەکان ئایینیان کردۆتە هۆکارێک بۆ خزمەتی دەوڵەت، بەپێچەوانەشەوە ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان خستبێتە خزمەتی ئایینەوە ئەوا ئەو نەتەوانە نە دەوڵەتیان ماوە و نە بوونی خۆشیان وەک نەتەوەیەکی زیندوو لە جیهاندا ماوە**

و داگیرکاری سەرکوت بکەن و خاکی ئێمەیان بە داگیرکراوی لەژێر دەستی خۆیان هێشتۆتەوە.

بەڵام وێرای ئەوەی داگیرکارانی کوردستان دژی سەربەخۆیی کوردستان هەرچی لەدەستیان هاتبێت درێغیان نەکردووە، لەبەرامبەردا بەدرێژایی مێژوو خەباتی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بەردەوام بووەو رانەوەستاوە، بۆیە کاتێك خوێندنەوە بۆ ئەم مێژووە دەکەین، گلەیی و گازندەی خۆمان بۆ نەگەیشتن بەسەربەخۆیی ناخەینە ئەستۆی داگیرکارانی کوردستان، بەڵکو بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ نەزانیی خۆمان کە نەمانتوانیوە بوونی نەتەوەیی خۆمان بخەینە سەرووی هەر شتێکی دیکە و لە رەگ و ریشەی ئەو قین و بوغزە تێبگەین کە رژێمەکانی عەرەب و تورك و فارس بەرامبەر نەتەوەی کورد هەیان بووە.

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە پەیماننامەی سیڤەر لە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ بڕیار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان درابوو، بەڵام لەبەر نەزانی و نەشارەزایی ئێمە و زیرەکیی دوژمنەکانمان ئەوە بوو لە رێککەوتنی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بڕیاری دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لەبار برا.

لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە دوای پەنجا ساڵ تێپەڕبوون بەسەر رێککەوتنی لۆزان، ئەو رۆژە من و هەڤاڵی بەڕێزم هۆشیار زێباری لە لۆزان بووین، سەرۆکی شارەوانی لۆزانمان بینی و لەو دیدارەدا داوای لێبووردنی لەگەلی کوردستان کرد بەوەی کە ئەو رێککەوتنەی لە شاری لۆزان بۆ لەباربردنی دەوڵەتی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٣ ئیمزاکرا، شارەوانی لوزان لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمڕۆ لە سایەی رێبازی بارزانی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەرچەرخان لەسیاسەتی هاوپەیمانان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بارودۆخێکی تازە هاتۆتە پێشەوە، لەم قۆناخە تازەیەدا هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرین کە لە قۆناخێکی سەخت و دژواری کۆیلایەتی دەرباز بین و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرین، ئەمجارەیان پرسەکە دیسان پەیوەست نییە بەوەی کە ئێمە وەك کورد قیچێك شارەزا بووین، بەڵکو بەشی گرنگی ئەم وەرچەرخانە پەیوەندی بە نەزانیی دوژمنەکانی ئێمەوە هەیە، کە هەست بە گۆڕانکارییەکان ناکەن و بە هەمان ئەقڵییەت و سیاسەتی کۆنیان مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد و کوردستان دەکەن و پێیانوایە دەتوانن هەتا سەر بە چاوی کۆیلە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بکەن.

بۆیە ئەوەی ئێمە بەدەستمان هێناوە، بەرهەمی نەزانی و بێ ئەقڵیی دوژمنەکانی ئێمەن، هەر بۆ نموونە رژێمی سەدام حوسێن کوردستانی کیمیاباران کرد و خەڵکەکەی ئەنفال کرد، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی فیدراڵی بۆ کوردستان بێتەدی، لەساڵی ٢٠١٤ کاتێك داعش هات، هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان خواستیان ئەوە بوو کە کورد لەسەر دەستی داعش قڕبکرێت و کچان و ژنانی کورد بڕفێندرێن و وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت، بەڵام مقاوەمەت و بەرگریی پێشمەرگە ٦٨ دەوڵەتی لەناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کردە پشتیوانی کوردستان.

پشتگیریی ٦٨ دەوڵەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەکوردستان تەنیا لەبەر ئەوە نییە کورد نەتەوەیەکی مەزڵوومە و پێویستە پشتگیری لێ بکرێت، نەخێر، لەبەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەك پاڵەوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەلاحەدینی ئەیووبی باس لە سەرۆك مسعود بارزانی دەکرێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك ئەو هێزە سەیر دەکەن کە توانی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، کەواتە ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو هێزە بێت کە داعشی تێکشکاندبێت، ئەوا دوای تەوابوونی شەڕی دژی داعش، مەترسیی تیرۆر و رێکخراوی هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش تەواو نابێت، لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ترسیان لە داعشی داهاتوو زیاترە لە مەترسیی داعشی ئێستا.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باش دەزانێت رێکخراوی تیرۆریستی داعش، راستە رێکخراوێکی تیرۆریستی و دڕندەیە، بەڵام جۆرە رێکخستنێکی هەیە کە دەزانرێت کام ناسنامەی هەڵگرتووە، بەڵام داعشی سبەینێ جۆرێکی دیکە دەبێت و مەرج نییە تەنیا جیهادیی سوننە بن، بەڵکو لەوانەیە عەرەب، یان فارس، یان تورکیش لەو جۆرە رێکخراوەیان تێدا دروست بێت و، هەریەك لەم رێکخراوە تیرۆریستییانەش هاوشێوەی داعش مەترسی لەسەر رۆژئاوا دروست دەکات، ئەوجا بۆ ئەوەی هێزێك هەبێت رووبەڕووی داعشەکانی

ئەمڕۆ وەک پاڵەوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەلاحەدینی ئەیووبی باس لە سەرۆک مسعود بارزانی دەکرێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک ئەو هێزە سەیر دەکەن کە توانی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە پەیماننامەی سیڤەر لە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ بڕیار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان درابوو، بەڵام لەبەر نەزانی و نەشارەزایی ئێمە و زیرەکیی دوژمنەکانمان ئەوە بوو لە رێککەوتنی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بڕیاری دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لەبار برا

لەساڵی ٢٠١٤ کاتێک داعش هات، هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان خواستیان ئەوە بوو کە کورد لەسەر دەستی داعش قڕبکرێت و کچان و ژنانی کورد بڕفێندرێن و وەک کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت، بەڵام مقاوەمەت و بەرگریی پێشمەرگە ٦٨ دەوڵەتی لەناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کردە پشتیوانی کوردستان

داهاتووش ببێتەوە، ئەوا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش پێشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. ئەمەش گەورەترین وەرچەرخان و سەرکەوتنە کە لە مێژووی کوردستاندا هاتۆتەدی. هیچ رۆژێك لە مێژووی ئێمەدا نەبووە بەو جۆرە هێزێکی وا گەورەی نێودەوڵەتی پشتیوانیی ئێمەو پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن، لەمەش زیاتر هیچ قۆناخێك لە مێژووی ئێمەدا نییە کە وەك ئێستا داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن بەچاوی کۆیلە سەیری ئێمە بکەن، تیرۆریستانی داعش هەوڵیاندا وەك کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ئێمە بکەن، لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە تێکشکێندران، خواست و هیوای ئێمە ئەوەیە کە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەوە تێبگەن کە ئێمە دەمانەوێت بە زمانی ئاشتی و دیالۆگ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان سەربخەین. ئێمە خوازیاری ئەوە بووین کە سیستمی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی عێراق سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی ئەو سیستمە هەم بۆ بەرژەوەندی کورد و هەمیش بۆ عەرەب زۆر باش بوو، بەڵام عەرەبی عێراق ئامانجیان ئەوە بوو لە ژێر پەردەی سیستمی فیدراڵی دووبارە بەچاوی کۆیلە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن، بۆ ئەمەش بەناوی سیستمی فیدراڵییەوە چەندین پەیامیان بۆ ئێمە نارد کە ئەوان کورد وەك کۆیلە سەیر دەکەن، کە دیارتریان بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بوو!

ئێستا ٨٥ دەوڵەت لە جیهاندا سیستمی فیدراڵی پیادە دەکەن، ئایا لە هیچ وڵاتیکدا شتی وا هەبووە کە دەوڵەت مووچەی کارمەندەکانی خۆی ببڕێت، تەنیا لەبەر ئەوەی لە نەتەوەیەکی دیکەن؟ کاتێك داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، ئایا عێراق وەك هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵەی لەگەڵ کوردستان کرد بۆ ئەوەی داعش خاکەکەی داگیر نەکات؟

بۆیە ئێستا ئێمەی کورد و خەڵکی دوڵەتانی جیهان و عەرەبی عێراقیش دەزانین کە سیستمی فیدراڵی لە عێراق سەرکەوتوو نەبووە و شکستی هێناوە، بۆیە ئێستا کوردستان داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەشی کە لە دەستووری فیدراڵیی عێراقدا هاتووە، کە پێکەوەژیانی کورد لە عێراقدا پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانەیە، بۆیە کاتێك ئەم سیستمە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا ئەو سەردەمەش بەسەر چووە کە کورد رازی بێت بەوەی عەرەب وەك کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ بکات، بۆیە بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات. بۆ ئەم بڕیارەش لە پرۆسەی ریفراندۆم باشتر نییە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەستووری عێراق دەگونجێت.

پرسیاری ئێمە ئەوەیە لە میللەتی خۆمان دەپرسین: بڕیاری سەربەخۆیی دەدەن، یان لە عێراقدا دەمێننەوە؟ ئەمەش هەم بۆ میللەتی ئێمە باشە و هەم بۆ میللەتی عەرەبیش و کێشەکە یەکلایی دەبێتەوە.

بەڵام ئەوە بەشێك لە شۆفینیزمی عەرەب یان ئێرانە کە سەبارەت بەم پرۆسەیە دەڵێن، ئێمە نە بە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و نە بە سەربەخۆیی کوردستان رازی نابین! پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە بەدبەختی ئەوان نییە؟ میللەتێك کاتێك بیەوێت لەگەڵ تۆ پێکەوە بژی، یان جیابێتەوە، ئەمە دژایەتی دەوێت، بەڵام دەبێت باش بزانن میللەتی کوردی ئەمڕۆ، میللەتەکەی دوێنێ نییە، ئەمڕۆ ٦٨ دەوڵەت پشتیوانی دەکەن بۆ سەربەخۆیی و ناتوانن دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی بکەن.

لەناو ئەم چوارچێوەیەدا هەندێك کەس و لایەن لە ناوخۆدا هەن، بە هاندانی دەوڵەتانی دەوروبەر دژایەتی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، من بۆ ئەو کەس و لایانانە دڵم دەسووتێ و پێیان دەڵێم ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی ئێوە هان دەدەن خۆیان نەتوانن دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ئێوە چۆن دەتوانن دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکەن؟

بۆیە ئێستاش ئێمە تورك و عەرەب و فارس بە برای خۆمان دەزانین و دەمانەوێت ئەوانیش تێبگەن و سەربەخۆیی کوردستان لە دژی خۆیان نەبینن و ئەوەی دەیکەین مافی خۆمانە و دەمانەوێت پێکەوە دراوسێیەکی باش بین بۆ یەکتری.

لەدوماهیدا دیسان دووبارەی دەکەمەوە، لە ئێستا سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ و سیاسەتی رووسیا بە سەرۆکایەتی پۆتین و سیاسەتی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی نەتانیاهۆ، هەوڵدانە بۆ دارشتنەوەی هاوکێشەیەکی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەرەو رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ هەنگاو هەڵدەگرن، کە یەکێك لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دەوڵەتی کوردستانە.

**گلەیی و گازندەی خۆمان بۆ نەگەیشتن بەسەربەخۆیی ناخەینە ئەستۆی داگیرکارانی کوردستان، بەڵکو بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ نەزانیی خۆمان کە نەمانتوانیوە بوونی نەتەوەیی خۆمان بخەینە سەرووی هەر شتێکی دیکە و لە رەگ و ریشەی ئەو قین و بوغزە تێبگەین کە رژێمەکانی عەرەب و تورک و فارس بەرامبەر نەتەوەی کورد هەیان بووە**

**هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە لەژێر پەردەی هاوئایینی و برایەتی کوردستانیان داگیرکردووەو لەپەنای ئەم دروشمانەشەوە کوردیان بە چاوی کۆیلە و هاووڵاتی پلەدوو و میوان لە نیشتمانی خۆی سەیرکردووە.**

**کوردستان و تەواوی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین کێشەی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە ناتوانین ئایین و دەوڵەت، یان حزبی سیاسی و دەوڵەت لەیەکتری جیا بکەینەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەی بەسەر کورد و تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەو رێگەی لە پێشکەوتنی ئەوان گرتووە**



## جەلال شەرناخی

سیاسەتمەدارو فەرماندەیەکی سەربازیی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە نەک هەر دژایەتیی سەربەخۆیی دەکات، بەڵکو دەیەوێت شیرازەی خێزانیش تێکبدات

**سروشتی پەکەکە وایە کە هەر کاتێک پێگەی خۆی بەهێز کرد دەست دەداتە دوژمنایەتیکردنی حزبەکانی دیکە**

**سلێمان محمەد، ناسراو بە (جەلال شەرناخی) سیاسەتمەدارو فەرماندەیەکی سەربازیی پێشووی پەکەکە بووەو خەڵکی شرناخە لەباکووری کوردستان، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە ریزەکانی پەکەکەوە و لە ساڵی ١٩٨٥ بۆتە فەرماندەیەکی سەربازی، لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەهۆی نارەزایەتی لە سیاسەت و شێوازی کارکردنی پەکەکە دەستبەرداری ئەم حزبە بووە. لەدیمانەیەکدا چەند پرسێکمان لەگەڵ تاوتوێ کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پەکەکە دژی خواستەکانی نەتەوەیی کورد راوەستاوەو بەئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان راگەیاندووە، ئایا پەکەکە بۆ بەرژەوەندیی کێ دژایەتی خواستی نەتەوەی کورد دەکات و بۆچی بە پێش لەشکری داگیرکارانی کوردستان دەکەوێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دانەمەزرێت؟**

- لە راستیدا هێڵ و ستراتیژیەتی کارکردنی پەکەکە روون نییە، چونکە ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە، ئەوا دەبینین کە پێش دروستبوونی پەکەکە لە باکووری کوردستان چەندین پارتی کوردی هەبوون کە هەڵگری بیروبۆچوونی شۆڕشگێڕی بوون، ئیدی بە ناوی سۆشیالیستی، یان دیموکراتی یاخود ئازادییەوە خەباتیان دەکرد، بەڵام لە دروستبونیەوە پەکەکە دەستی دایە شەڕکردن لە دژی حزبەکانی دیکە، پرسیارەکەش ئەوەیە ئەگەر تۆ بانگەشەی سەربەخۆبوون و یەکگرتنی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بکەیت، چ پێویست دەکات شەڕ لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا بکەیت؟ بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە کە هەر وەك ئەوە وابوو کە دەوڵەت هەڵسابێت بە دروستکردنی ئەم پارتە، هەر بۆیە ئەو شەڕانەی لێکەوتەوە. کەواتە ئەم بارودۆخە هەر لە سەرەتاوە کێشەی دروست کرد، بە چەشنێك هیچ حزبێکی سیاسی لە باکووردا نەهێشت، ئەوەی پێی دەکرا لە روی سیاسییەوە شەڕی لەگەڵدا دەکرد و ئەوانی دیکەش کە نەیدەتوانی لە رووی سیاسییەوە رووبەڕوویان ببێتەوە، بە شێوەیەکی مەیدانی و بە بەکارهێنانی چەك رووبەڕوویان دەبۆوە. عەبدوڵا ئۆجەلانیش دوای دەستگیرکردنی باسی لەوە کرد کە شتێك نییە بە ناوی ستراتیژیەتی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی، ئەمە لە کاتێکدا خۆی پێشتر ئەم بانگەشەیەی دەکرد. کەواتە دەبینین کەلێن و کەلەبەرێکی گەورە هەیە لە نێوان بانگەشەکەی و لە نێوان هەڵسوکەوتی لەسەر ئەرزی واقیع. لەبەر ئەوە روون نییە ئایا عەبدوڵا ئۆجەلان و ئەو گروپەی لە دەوروبەری بوون لە سەرەتای دروستبوونی پەکەکە لە ئەنقەرەدا، دەیانەوێت خەبات لە پێناوی چیدا بکەن و دەیانەوێت خزمەت بە چی بکەن. رەنگە مەزەندەی ئەوە بکەین کە ئەوان رایەڵ و پەیوەندی خۆیان هەبێت، بەڵام شتێکی بەرچاو و بەردەست لە ئارادا نییە لەبارەی ئەوەی ئەوان خەریکی چین، کاتێکیش پێیان دەڵێیت ئێوە خەریکی کارێکی دیاریکراون، نکۆڵی لێدەکەن و رەتیدەکەنەوە و دەڵێن ئەوە راست نییە. لەبەر ئەوە پەکەکە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە گرێ و کێشەی هەیە و ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کێشە لەگەڵ پارتە کوردییەکانی دیکەدا. بۆ نموونە کاتی خۆی پەکەکە بەپێی رێککەوتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتە ئەم بەشەی کوردستان، پارتی هاوکارییەکی زۆری پەکەکەی کرد، بەڵام دوای ئەوەی هاتن و شوێنپێی خۆیان جێگیر کرد، دەستیان دایە دوژمنایەتی و کێشەیەکی زۆریان بۆ پارتی دروست کرد. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بتوانرێت پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەدا دروست بکرێت لەلایەن حزبەکانی دیکەوە، چونکە ئەوە سروشتی پەکەکەیە کە هەر کاتێك پێگەی خۆی بەهێز کرد، دەست دەداتە پێکدادان لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا و چاوپۆشی لە کەس ناکات.

*** ئەوەی جێگەی نیگەرانییە؛ ئەوەیە تەنانەت پەکەکە بۆتە هاوپەیمانی حەشدی شەعبی و ئێران کە هەردووکیان دەیانەوێت پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان رابوەستێت، ئایا ئەمە دەرئەنجام زیان بە پەکەکەش ناگەیەنێت؟**

**پەکەکە لەوە دەترسێت خەڵکانی دیکە ناوبانگ و جەماوەریان هەبێت، بۆ نموونە کەسێکی وەک سەلاحەددین دەمیرتاش کەسێکی خەڵکپەروەر و دڵسۆز بوو، پەکەکە بەوە قەڵس و نارەحەت بوو**

**پەکەکە خوازیاری ئەو سەرکەوتنەش نەبوو کە هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا بەدەستی هێنا، چونکە ئەگەر بیویستایە، دەبوو رێککەوتن لەگەڵ ئاک پارتیدا بکرایە، بەڵام ئەمەی تێکدا**

**پەکەکە تەنیا ترسی لە پارتی هەیە و هیچ حیسابێک بۆ حزبەکانی دیکە ناکات، چونکە هێزی پارتی دەبینێت کە خۆی لە ستراتیژیەتی دووربین و درێژخایەنی پارتی و بارزانی بەرجەستە کردووە، لە هەمان کاتدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پارتی و هەوڵەکانی لە پێناوی سەربەخۆییدا دەبینێت و ئەوەی پێ هەزم ناکرێت**

**شنگال لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافی و ستراتیژەوە زۆر گرنگە و پێشتر داعش رووی کردە شنگال و ئێستاش ئێران خوازیارە نفووزی لەوێ هەبێت، چونکە شوێنێکی زۆر ستراتیژییە بۆ مەرامەکانی ئێران و حەشدی شەعبی. چونکە ئەگەر دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرێت ئەوا دەتوانێت بە ئاسانی لە ئیسرائیل و لە تورکیا بدات**

**پەکەکە جگە لە شنگال چەندەها شوێن و رووبار و چیا و دارستانی دیکەی داگیرکردووە لەسەر سنوور کە شوێنی زۆر دڵرفێنن و دەکرا و دەتوانرا ببنە شوێنی گەشتیاریی سەرنجراکێش و سەرچاوەی داهات**

**ئەگەر پارتی نوێنەرایەتی خەتی نیشتمانی و کاروانی سەربەخۆیی کوردستانی نەکردایە، ئەوا پەکەکەش بەم جۆرە دژایەتی نەدەکرد**

**ئاڵای کوردستان مۆرکی نەتەوایەتی لەخۆ گرتووە، بەڵام پەکەکە بەم ئاڵایە قەڵس دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بە ئاڵای تورکی و بە ئاڵای بەعسی پەست و بێزار نابێت**

- من پێشتر رامگەیاند کە پەکەکە ئامانج و ستراتیژییەتی روونی نییە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی دەبنە پیاوی هەر کەسێك، تا ئەو کاتەی ئاپۆ لە سووریا بوو، بەشێکی پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ رژێمی بەعسی سووریا بوو، بەشێکیشیان کەمالیستی بوون، بەڵام کارکردن بۆ کێشەی کوردەواری زۆر کەم بوو، لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین راستە ئەوان بە بۆچوونی خۆیان شەو و رۆژ کار بۆ کێشەی کورد دەکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٩٢دا کاتێك پارتی و یەکێتی رێککەوتنیان کرد و حکومەتیان پێکهێنا، ئەوا بە فشاری ئێران و بەشێکیشی بە فشاری تورکیا و سووریا، پەکەکە لەم هەرێمەدا شەڕی دروستکرد. باشە ئەو واقیعەی هەرێمی کوردستان دەبووە هەوێن و بناغەی دروستبوونی دەوڵەت و حوکمڕانیی کوردی، ئیتر بۆچی پەکەکە شەڕی لەگەڵدا دەکرد؟ لە راستیدا لەبەر ئەوەی ئەوە خواستی دەوڵەتی ئێران و تورکیا و سووریا بوو کە نابێت ئەو دەوڵەتە دروست بێت، ئەو شەڕەش بە بڕیاری ئاپۆ خۆی بوو و زۆرێك لە کادیرانی پەکەکە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون ئەو بڕیارە بدرێت. لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەر پەکەکە رێککەوتن لەگەڵ عێراق، یان تورکیا، یان سووریا بکات شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە پەکەکە خاوەن ئامانج و ستراتیژیەتی خۆی نییە. ئەوان دوای ٣٠ ساڵ شەڕکردن دێن و دەڵێن دروستبوونی دەوڵەتی کوردی رێگاچارەیەکی خراپە. من پێموایە دەکرێت بڵێین بەشێکی پەکەکە سەر بە تورکیا و بەشێکیان سەر بە ئێران، هەروەها بەشێکیشیان سەر بە سووریای بەعسین و کوردایەتی تێیدا لاواز بووە. بە چەشنێك ئێستا ئەو قسانە زۆر ئاساییین. لە ناو پەکەکەدا بکرێن کە دەڵێن ئێمە دژی دەوڵەتی کوردین و دەوڵەتی کوردی بە مانای لە ناوچوونی کورد دێت.

*** ئەوەی بۆ ئێستا جێگەی هەڵوەستە و پرسیارە، ئەوەیە کە بۆچی پەکەکە دژی مێژوو، نەریت و کولتووری کوردەواری و گەلی کوردستانە و بەئاشکرا دەڵێت ئێمە دژی دەوڵەتی کوردستان و هاوسەرگیری نێوان ژن و پیاوین، ئەوان دەڵێن هەتا ژن لە کۆت و بەندی هاوسەرگیری رزگاری نەبێت مرۆڤایەتی رزگاری نابێت، ئایا ئەم بانگەشەیەی پەکەکە لەگەڵ دابونەریت و بەرخۆدانی کوردستان یەك دەگرێتەوە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە پەکەکە ئێستا بە تەواوەتی بەها ئەخلاقییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ون کردووە؟**

- لە راستیدا بەم دواییە یەکێك لە فەرماندەکانی پەکەکە رایگەیاند کە ئێمە جیهانێکی بێ دەوڵەت و بێ بوونی هاوسەرگیری دەخوازین، باشە ئێمە ئەوەی گرنگی پێدەدەین لە نێو کوردەواریدا خێزانە، مەبەستم ئەوەیە ئەوان نەك هەر دەوڵەت رەتدەکەنەوە، بەڵکو دەیانەوێت شیرازەی خێزانیش تێکبدەن. چونکە ئێمە دەزانین هەر نەتەوەیەك بە هۆی کولتوور و دابونەریتەوە دەناسرێتەوە، ئێمەش بە پەروەردەی خێزانی و بایەخدان بە خێزان ناسراوین.

*** پەکەکە بۆچی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئاڵای کۆماری کوردستان (ئاڵاکەی قازی محەمەد) بگۆڕێت کە هەموو کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان شانازی پێوە دەکات؟ ئایا دژایەتی پەکەکە بۆ یەکگوتاری و یەکڕیزی و ستراتیژیەتی هاوبەش و ئاڵای کوردستان لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتییەدایە کە لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی ناوچەکەدا دژ بەکورد هەیەتی؟**

- لە راستیدا هەروەك دەزانین ئاڵای کوردستان مۆرکی نەتەوایەتی لەخۆ گرتووە، بەڵام پەکەکە بەم ئاڵایە قەڵس دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بە ئاڵای تورکی و بە ئاڵای بەعسی پەست و بێزار نابێت، من بینیم لە عەفرین ئاڵای بەعسی لەسەر سەربانەکان هەڵکرا، باشە بۆچی ئاڵای کوردستان هەڵناکەن؟ لەبەر ئەوەی پێیانوایە تەنیا کەسانی دواکەوتوو ئەم ئاڵایە هەڵدەگرن و دەڵێن ئیدی رۆژگاری ئەو ئاڵایە بەسەرچووە. ئێ باشە ئەگەر ئێمە ئاڵایەك هەڵنەکەین چۆن گوزارشت لە خۆمان بکەین. دواتر پەکەکە ئەمە بە ئاڵای پارتی دەزانێت، هەر بۆیە ئەوان بە بینینی ئەو ئاڵایە نارەحەت دەبن. هەر ئەمەش سەرچاوەی دوژمنایەتی پەکەکەیە بۆ پارتی، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر پارتی نوێنەرایەتی خەتی نیشتمانی و کاروانی سەربەخۆیی کوردستانی نەکردایە، ئەوا پەکەکەش بەم جۆرە دژایەتی نەدەکرد.

*** ئاشکرایە ئێستا پەکەکە لە شنگالدا بوونی هەیە، ئایا مەبەستی سەرەکیی پەکەکە لەشنگال و نانەوەی ئاژاوەو پشێوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئاوەدان نەکرێتەوە؟ هەروەها پەکەکە بۆچی ڕووناکاتەوە باکوور و لەوێ خەبات بکات؟ بۆچی دەبێت ڕێگر بێت لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال و ڕێگرتن لە گەڕانەوەی برایانی ئێزیدی بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پەکەکە جگە لە شنگال چەندەها شوێن و ڕووبار و چیا و دارستانی دیکەی داگیرکردووە لە سەر سنوور کە شوێنی زۆر دڵڕفێنن و دەکرا و دەتوانرا ببنە شوێنی گەشتیاریی سەرنجراکێش و سەرچاوەی داهات، لە هەمان کاتدا ئەو شوێنانە شەهیدیان تێدا دراوە و پێشمەرگە خوێنی تێدا ڕشتووە. بەڵام دەکرێت بڵێین ئەڵقەی لاوازی ئێمە شنگالە، بۆچی چونکە شنگال کەوتۆتە نێوان عەرەبەوە، عەرەبی عێراق و عەرەبی سووریا کە ئەو عەرەبانەش خەڵکانێکی بەعسی و کۆنەپەرستن. لەلایەکی دیکەوە حەشدی شەعبیش دەیەوێت بگاتە ئەو دەڤەرە، هەروەها شنگال لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی و ستراتیژەوە زۆر گرنگە و پێشتر داعش ڕووی کردە شنگال و ئێستاش ئێران خوازیارە نفووزی لەوێ هەبێت، چونکە شوێنێکی زۆر ستراتیژییە بۆ مەرامەکانی ئێران و حەشدی شەعبی. چونکە ئەگەر دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرێت ئەوا دەتوانێت بە ئاسانی لە ئیسرائیل و لە تورکیا بدات.

*** هەروەك دەزانن سەرۆك بارزانی ڕایگەیاندووە کە جارێکی دیکە ڕێگەنادات خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، مەبەستمانە ئەوەیە بپرسین ئایا ئەگەر لە ڕێی گفتوگۆوە پەکەکە ئامادە نەبێت دەستبەرداری ئەو ناوچانە بێت، دەبێت چی بکرێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە شەڕی براکوژی ماڵوێرانی بەدوادا دێت، دواتر ئەوەی دەیبینم پەکەکە وەك منداڵێکی لاسار و شەڕانگێزی لێهاتووە کە چی لەگەڵدا دەکەیت، نایەتەوە سەر ڕێی ڕاست. دواتر ئەوە ئاشکرایە هەر کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی باسی دەوڵەتی کوردستان و ڕێککەوتنی کوردان بکات، ئەوان ئاستەنگ دروست دەکەن.

بەس پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە خوازیاری دەوڵەت نین، ئەی چیمان دەوێت؟

*** وەکو ئاماژەت پێدا پەکەکە کاتێك وەك حزبێکی سیاسی خۆی ڕاگەیاند، داوای دەوڵەتی کوردستانی گەورەی دەکرد و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنیا دەوڵەت چارەسەری کێشەی کورد دەکات و کۆتایی بە چەوساندنەوە دێنێت، بەڵام ئێستا پەکەکە هەر خۆی دژی دەوڵەتی کوردستانە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە نابێت باس لە دەوڵەت بکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا دژی مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاوەستاوە؟**

- پەکەکە خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان نییە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەیانەوێت هەوڵەکانی دروستبوونی دەوڵەتیش سەرکەوتوو نەبێت و کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو هەوڵانە تێکبدەن و ئاستەنگی بۆ دروست بکەن. دواتر دژایەتی پەکەکە بۆ پارتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەکەکە تەنیا ترسی لە پارتی هەیە و هیچ حیسابێك بۆ حزبەکانی دیکە ناکات، چونکە هێزی پارتی دەبینێت کە خۆی لە ستراتیژیەتی دووربین و درێژخایەنی پارتی و بارزانی بەرجەستە کردووە، لە هەمان کاتدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پارتی و هەوڵەکانی لە پێناوی سەربەخۆییدا دەبینێت و ئەوەی پێ هەزم ناکرێت.

*** ئەی ڕۆڵی پەکەکە چۆن هەڵدەسەنگێنیت لە باکووری کوردستاندا، بەتایبەتی کە ئێستا نائارامییەکی زۆر لە کوردستانی تورکیادا هەیەو خەڵکانێکی زۆر بوونەتە قوربانی و وێرانکارییەکی زۆر بەسەر شارە کوردییەکاندا هاتووە؟**

- لە ڕاستیدا پەکەکە خوازیاری ئەو سەرکەوتنەش نەبوو کە هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا بەدەستی هێنا، چونکە ئەگەر بیویستایە، دەبوو ڕێککەوتن لەگەڵ ئاك پارتیدا بکرایە، بەڵام ئەمەی تێکدا. دواتر پەکەکە لەوە دەترسێت خەڵکانی دیکە ناوبانگ و جەماوەریان هەبێت، بۆ نموونە کەسێکی وەك سەلاحەددین دەمیرتاش کەسێکی خەڵکپەروەر و دڵسۆز بوو، پەکەکە بەوە قەڵس و نارەحەت بوو. ئێستاش دەبینین کە چۆن ناوچە کوردییەکان وێران بووە و کەس نازانێت چەند گەنج کوژران و چەندەها کەس ماڵ و حاڵیان لێتێکچووە.

**بەشێکی پەکەکە سەر بە تورکیا و بەشێکیان سەر بە ئێران و هەروەها بەشێکیشیان سەر بە سووریای بەعسین و کوردایەتی تێیدا لاواز بووە**

**لە ساڵی ١٩٩٢دا کاتێک پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنیان کرد و حکومەتیان پێکهێنا، ئەوا بە فشاری ئێران و بەشێکیشی بە فشاری تورکیا و سووریا، پەکەکە لەم هەرێمەدا شەڕی دروستکرد**

**تا ئەو کاتەی ئاپۆ لە سووریا بوو، بەشێکی پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سووریا بوو، بەشێکیشیان کەمالیستی بوون، بەڵام کارکردن بۆ کێشەی کوردەواری زۆر کەم بوو**

**کاتی خۆی پەکەکە بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتە ئەم بەشەی کوردستان، پارتی هاوکارییەکی زۆری پەکەکەی کرد، بەڵام دوای ئەوەی هاتن و شوێنپێی خۆیان جێگیر کرد، دەستیان دایە دوژمنایەتی و کێشەیەکی زۆریان بۆ پارتی دروست کرد**

# لە کوردستان وەزیفەی کێیە داوای ئەنجامدانی راپرسی بکا؟

بێگومان بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسیی گشتی، یان ریفراندۆم دەبێت لایەنێك هەستێك بە ئاراستەکردنی داواکاری بۆ ئەنجامدانی، ئەو لایەنە بەپێی دەستووری وڵاتان جیاوازەو هەر وڵاتەو لایەنێکی دیاریکردووە کە بەم کارە هەستێ، پاش خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ دەستوورەکان بۆمان دەردەکەوێت کە سێ لایەن دەتوانێت ئەم داواکارییە ئاراستە بکات، ئەوانیش بەم شێوەیە:


یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان: هەندێك جار دەستوور رێگە بە پەرلەمان دەدات کە داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بکات، چونکە لە راستیدا گەل خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینەیە و پەرلەمان نوێنەرایەتی ئەو دەسەڵاتە دەکات و گەڕانەوە بۆ خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینە هەرکاتێك پێویست بکات کارێکی ئاساییە، ئەم سیستمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باوە، چونکە ریفراندۆم تەنیا لەسەر ئاستی ویلایەتەکان دەکرێت و پەرلەمانی ویلایەتەکە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی ئەو داوایەی هەیە.

دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن: زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە راپرسیی گشتی ئەنجام دەدەن، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان سەرپشك کردووە، داوای ئەنجامدانی بکات، ئەمەش لە رێگەی سەرۆکی وڵاتەوە، هەروەك دەستووری ساڵی (١٩٤٦)ی فەڕەنسا کە سەرۆکی سەرپشك کردبوو، داوای ریفراندۆم بکات، ئەگەر بڕگەیەکی دەستوور هەموار بکرێتەوە، پاشان لە دەستووری ساڵی (١٩٥٨)ی فەڕەنسا کە تا ئەمڕۆ لەکاردایە، ئەو بابەتانەی سەرۆك دەتوانێت داوای ریفراندۆم بکات لەبارەیانەوە، فراوان کراوە بۆ هەر بابەتێکی گشتی، سیاسی، یان دەستووری.

سێیەم: گەل: هەندێك لە دەستوورەکان گەلیان هەڵبژاردووە داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بکات، وەك دەستووری مادە (١٣٨)ی سویسرا کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەموار کرایەوە، بەپێی ئەم مادەیە سەد هەزار دەنگدەر لەسەر ئاستی سەرجەم ویلایەتەکان دەتوانن داوای ریفراندۆم بکەن بۆ هەموارکردنی بڕگەیەك، یان سەرجەم بڕگەکانی دەستوور، بەڵام لە وڵاتی ئیتاڵیا بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٤٧ پێنج سەد هەزار دەنگدەر دەتوانن ئەو داوایە بکەن، یاخود پێنج ئەنجومەنی خۆجێیی هەڵبژێردراو لە وڵاتەکە.

هەروەها دەستووری کوبا بەهەمان شێوە رێگەی بە سەد هەزار دەنگدەر داوە کە توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەیە داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەن، دەستووری ئوروگوای رێگەی داوە بە ١٠٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە داوابکەن ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، هەرچی دەستووری سوماڵیشە مافی ئاراستەکردنی ئەم داوایەی داوە بە بیست هەزار دەنگدەر.

هەروەك بینیمان دەستووری وڵاتان بەشێوەیەکی جیاواز چارەسەری لایەنی پەیوەندیداریان کردووە کە هەستێت بە ئاراستەکردنی داوای ئەنجامدانی



د. ڕێبین سەلام*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ریفراندۆم، ئەم بابەتە کتومت پەیوەندی بە سیستمی سیاسی و مێژووی دەسەڵاتەکانەوە هەیە لە وڵاتان و بارودۆخی سیاسی و سیستمی هەریەکێکیان لەوی دی ناچێ، بۆیە لایەنی بەرپرس بە ئاراستەکردنی ئەم داوایە جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.

لە کوردستان لەبەر ئەوەی تا ئێستا دەستوورمان نییە، هەندێك هەوڵ دەدرێت کە بە زۆرەملێ ئەم مافە بدەن بە دەسەڵاتی یاسادانان، بێ هیچ بنەمایەکی یاسایی، چونکە لە هیچ یاسایەکی کوردستاندا ئاماژە بە لایەنی داواکار بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم نەکراوە، بەڵام پاش خوێندنەوەیەکی وردی یاسایی و مەنتیقی بۆمان دەردەکەوێت کە سەرۆکایەتی هەرێم لایەنی پەیوەندیدارە بە ئاراستەکردنی داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەویش لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. تەنیا یاسایەك کە ئاماژەی بە لایەنی بەرپرس کردبێت بۆ داواکردنی ئەنجامدانی دەنگدان و راپرسی لە کوردستان یاسای ژمارە (١)ی سالی (٢٠٠٥ )ی سەرۆکایەتی هەرێمە، کە ئەم مافەی داوە بە سەرۆکی هەرێم پێش تەواوبونی ویلایەتی درێژکراوەی داوای هەڵبژاردن بکات، ئەوە بوو سەرۆکی هەرێم ئەم مافەی بەکارهێنا و مەرسومی ژمارە (٩١) ی لە (٢٠١٥/٦/١٤) ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسییەکان کرد لە کوردستان.

٢. زۆربەی دەستووری وڵاتان کە بە سیستمی راپرسیی گشتییان وەرگرتووە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان سەرپشك کردووە داوای ئەنجامدانی راپرسی بکات.

٣. راپرسییەکەی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دەقاودەق لەسەر مەسەلەیەکی سیاسییەو پەیوەندی بە یاسا و دەسەڵاتی یاسادانانەوە نییە.

٤. دەسەڵاتی یاسادانان لە بنەڕەتدا نوێنەری گەلە پێویستە ئەو نوێنەرایەتییە ئەنجام بدەن و لە تەرەفی گەل بن، ئەگەر پێویست بە گەڕانەوە بکات بۆ گەل، دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەم کارە هەستێ لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەك لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا، چونکە مەنتیق وا دەڵێت کە دەسەڵاتێك بە تەواوەتی نوێنەری لایەك بێت، ناکرێ داوای تەحکیم بکات لە هەمان لایەن کە خۆی نوێنەریەتی.

٥. ئەگەر پەرلەمانی کوردستان هەنجەتی ئەوە بێ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، ئەوا لەو هەنجەتە بەهێزتر بەدەست سەرۆکایەتی هەرێمەوەیە، چونکە ئەم سەرۆکایەتییە دەنکی ٧٠٪ی دەنگدەرانی هێناوە، کە بە لەجیاتی دانان دەکرێت وای لێکبدەینەوە بە قورسایی حزبێك دەنگی هێنانەوە کە ٧٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی هێنابێت.

---

* زانکۆی لوبنانی فەرەنسی / هەولێر



**لۆرەنس روبین**

**پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:**

# ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر پرسی سەربەخۆیی پەرەسەندنێکی مێژوویی دەبێت لە کوردستاندا

**لۆرەنس روبین، بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بەدەست هێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە سکوولی سام نون بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی و چەند پرسێکی گرنگی پەیوەندیدار دەدات. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی هۆکارە ریشەییەکانی ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندنەکانی شەڕی داعش و کاریگەریی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەو عێراق و پرسی سەربەخۆیی کوردستان، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخافتن.**

*** هەروەك دەزانن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێکی بێ پێشینە توندوتیژی و پشێوی پەرەیان سەندووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکارە ریشەییەکانی ئەم شەڕ و ناکۆکییە درێژخایەن و چارەسەرنەکراوانە چین؟**

- لە راستیدا هەندێ لە هۆکارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ بوونی کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان، کە کاراکتەری بەهێزن و تەحەددای دەسەڵاتی دەوڵەت دەکەن و هەندێکیان نیگەرانییەکی دیاریکراویان هەیە کە پێدەچێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە رەوایان بزانێت و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە. هەندێ لە هۆکارەکانی دیکەی بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی دەگەڕێتەوە کە ئەو هێزە دەرەکییانەش دەرفەت لە بارودۆخەکە بەدی دەکەن بۆ پاراستن، یان برەوپێدانی بەرژەوەندییەکانیان.

*** دوای بەهاری عەرەبی ئومێدێکی زۆر دروست بوو بە هاتنەئارای حوکمڕانییەکی باش و ئایندەیەکی باشتر لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەڵام دواتر دۆخەکە گۆڕا بۆ نائارامی و پشێوی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تەنانەت شۆڕش و راپەڕین و بزوتنەوە دیموکراتییەکانیش لەم وڵاتانەدا دەرئەنجامی خوازراویان لێناکەوێتەوە و شکست دەهێنن؟**

- لە راستیدا لە هەندێ حاڵەتدا تا رادەیەك سەرکەوتنیان بە دەستهێنا، بەڵام شکستەکە لەوەدا بەرجەستە بوو کە خەڵکی ئومێدی ئەوەیان هەبوو رژێمە دیکتاتۆرییەکان بگۆڕێن بە رژێمگەلێکی دیموکراتی، بەڵام ئەم ئومێدە نەهاتەدی. پێموایە هۆکارەکانیش جۆراوجۆرن و بەندن بە هەل و مەرجە تایبەتییەکەوە، لە هەندێ حاڵەتدا هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بزووتنەوە دیموکراتییەکە وەك پێویست یەکگرتوو نەبوون، واتە لەبەر هۆکاری سیاسی لێکترازان و دابەش بوون رویدا لە نێو ئەم بزووتنەوانەدا، لە سەرەتادا پەیامێکی هاوبەشیان نارد بۆ خەڵکی، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە جیاوازییەکانی نێوانیان زۆر گەورەترن. لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا حکومەت توانیویەتی بەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە، ئەو بزووتنەوە لێکترازاوانە تێکبشکێنێت، کە زۆرێك لەو حکومەتانەش پشتیوانی دەرەکییان هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. کەواتە زەحمەتە وەڵامێکی گشتی بدەینەوە، بەڵام لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا حکومەت توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێتەوە — لە میانەی بزووتنەوەی دژی شۆڕشدا- ئەویش بە پشتیوانی بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی هەل

**هەڵوێست و تێڕوانینی تورکیا لە سەر یەپەگە بۆتەهۆی ئەوەی گرژی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا دروست بێت. کە دەبێت لەم ڕووەوە ئەمریکا هاوسەنگییەک دروست بکات**

**دەبێت سوننەکان هەست بکەن لە ڕووی ئەمنییەوە پارێزراون و دەبێت لە ئایندەدا جۆرێک لە دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا پیادە بکرێت، لەبری ئەوەی میلیشیا شیعەکان کۆنترۆڵی ناوچەکانیان بکات**

و مەرجێکی پڕ لە پشێوییان بینی لە میانەی هەنگاوهەڵگرتن بە ئاڕاستەی بە دیموکراتیکردندا. هەر بۆ نموونە زۆرێك لە وڵاتانی کەنداو بەم حاڵەتەدا تێپنەڕین، هەروەها ڕژێمە پاشاییەتیەکانیش.

*** پێتوایە بتوانرێت یەکپارچەیی خاکی وڵاتگەلێکی وەك عێراق و سووریا و لیبیا بپارێزرێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەم وڵاتانە دووچاری دابەشبوونێکی قووڵ هاتوون، یاخود ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەم وڵاتانە دەکات؟**

- ئەوە ڕاستە کە زەحمەتە وێنای ئەوە بکرێت جارێکی دیکە بتوانرێت ئەم وڵاتانە بگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخی پێش بەهاری عەرەبی و پێش ڕوودانی شەڕە ناوخۆییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە دەوڵەتی نوێ دروست بێت لە نێو ئەو بارودۆخانەوە، هەرچەندە ڕەوتی پەرەسەندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە میانەی ١٠ بۆ ٢٠ ساڵی داهاتوودا، دۆخەکە بەو ئاقارەدا ئاڕاستە بگرێت، بەتایبەتی ئەگەر نەوەیەك لە نێو ئەم هەل و مەرجی شەڕی ناوخۆییەی سووریادا پێبگات و نەزانێت و ئاشنا نەبێت بەوەی سووریاییەکی یەکگرتوو چۆنە. هەروەها ئەمە حاڵەتەکەیە لە پەیوەندی بە کوردی عێراقەوە، کە ئەوە دوو نەوەیە دوور لە سێبەر و سایەی عێراقێکی یەکگرتوودا پێگەیشتوون و ئێستاش کوردستان لە ڕووی کەلتوورییەوە سەربەخۆیەو خاوەنی دامەزراوەی سیاسی تایبەت بە خۆیەتی و مایەی سەرسوڕمان دەبێت و بگرە زەحمەتیشە کە جارێکی دیکە کورد لە عێراقدا دەست لە دەسەڵاتەکانی خۆی هەڵگرێت و ئەو دەسەڵاتانە بۆ حکومەتی مەرکەزی بگەڕێنێتەوە.

*** ئێوە لە کتێبەکەتاندا بە ناوی** (Islam in the balance ideational threats in Arab politics) **باستان لەوە کردووە کە ئایدیۆلۆژیای ئایینی ڕۆڵی هەیە لە سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا ئەم ئایدیۆلۆژیایە چۆن بەکارهاتووە؟ ئایا توانراوە بکرێتە هێزێکی ئیجابی و بنیادنەر، یاخود بە شێوەیەکی دیکە بەکارهێنراوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بەندە بەوەی ئێمە باسی چ حاڵەت و هەل و مەرجێك دەکەین، هەروەها ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا ئامانجەکە چییە، چونکە ئەگەر ئامانجەکە بریتی بێت لە یەکخستن و یەکڕیزکردنی دانیشتووانەکە، ئەوا مەسەلەکە ئەوەیە کە فرەییەك هەیە لە نێو دانیشتووانی وڵاتەکاندا، واتە ئەگەر لە ڕووی ئایینیشەوە ئینتیمایان بۆ ئایینێکی دیاریکراو هەبێت، ئەوا لە ڕووی ئیتنییەوە جیاوازن، لەهەمان کاتدا مەسەلە ئایینییەکەش تێکەڵ بە پرسی ئیتنی کراوە، بۆ نموونە، کاتێك ئێمە لە ئێستادا باسی سوننەگەرایی دەکەین، ئەوا مەبەست لە عەرەبی سوننەیە. کەواتە ئەگەرچی لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکییەوە – ئایدیۆلۆژیای ئایینی- ڕۆڵی یەکخستن و یەکڕیزکردن بگێڕێت، ئەوا بە زۆری لە سیاسەتی ناوخۆدا تەلاعوبی پێدەکرێت بۆ لاوازکردنی ڕکابەرەکان، یان بۆ مەبەستی درێژکردنەوە و درێژەپێدانی دەسەڵات بەسەر بەرامبەرەکاندا.

*** ئەی خوێندنەوە و شرۆڤەتان چییە بۆ ئەو گروپە توندڕەوە تێرۆریستییانەی کە خۆیان بانگەشەی ئەوە دەکەن گروپێکی ئایینین و لە ئێستادا بوونەتە تەحەددی و مەترسییەکی جددی لە ناوچەکەدا و خۆیان وەك بەدیلی سیستمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا دەخەنەڕوو؟**

- ئەوە ڕاستە، ئاشکراشە ئالاهەڵگری ئەم پرسەش داعشە، ئەگەرچی ئەلقاعیدە لەم ڕووەوە جیاوازی نییەو هەڵگری هەمان بیرۆکەیە، هەروەها ڕەنگە گروپی دیکەش هەبن کە لەسەر بنەمای ئینتیمای ئایینی، یان ئیتنی کاربکەن و خەونی ئەوەیان هەبێت قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیان سنووری وڵاتان ببڕێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەبێتەهۆی هێنانەئارای ئاشتی و سەقامگیری، ڕەنگە کەسانێك هەبن پێیانوابێت کە کارێکی باشە ئەگەر ئەو خاکانە یەکبخرێن و لە سایەی فەرمانڕەوایی موسڵمانێکی لێوەشاوەدا حوکمڕانی بکرێن، کە ئەمە بانگەشەی داعش بووە، لە کاتێکدا کەسانێکی دیکە هەن باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیایەکی جیاواز هەیەو پێیانوایە باشترە پرسەکان لەسەر بنەمای دابەشبوونی ئیتنی

لەبەرچاو بگیرێت و ئەمە بە ڕێگەچارە ڕاست و دروستەکە دەزانن، لێرەدا من بە شێوەیەکی سەرەکی باسی لە کورد دەکەم کە ڕەنگە پێیانوابێت ئەمە هەل و مەرجێکی لەبارە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و ڕەنگە ئەمەش سەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا بخولقێنێت.

*** ئەگەر باس لە شەڕی دژ بە داعش بکەین لەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی لە عێراق و سووریا، ئەوا باس لەوە دەکرێت کە ئەم پرۆسەیە زیاد لەوەی چاوەڕوان دەکرا، درێژەی کێشا، واتە نەتوانراوە بە ڕەوتێکی خێرا ئەم شەڕە یەکلابکرێتەوە و شکستی سەربازی بکرێتە چارەنووسی داعش، ئایا لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و ئایا، پێتوایە سارد و سڕییەك هەبێت لە هەوڵەکانی تێکشکاندنی داعشدا؟**

- دەستەواژەی سارد و سڕی ئەوە لە خۆدەگرێت کە بە ئەنقەست ئەم پرۆسەیە بە ڕەوتێکی سست ئەنجام بدرێت، خۆ ئەگەر مەبەستتان لەوە بێت کە تا ئێستا پرۆسەی ڕزگاکردنەوەی شارێکی وەك ڕەققە دەستی پێنەکردبێت، ئەوا لایەنەکان ئامادەییان تێدایە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە، بەڵام تەحەددیەکە ئەوەیە —هەروەك هەموو کەس دەزانێت- کە لە ڕووی سیاسییەوە کەس نازانێت چی ڕوودەدات. کەواتە ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بێت کە ئێوە باسی لێوە دەکەن و ئەگەر سارد و سڕی هەبێت لەم ڕووەوە، من دڵنیانیم ئەمە دۆخەکە بێت، چونکە ڕەنگە مەسەلەکە ئەوە بێت خشتەیەکی زەمەنی درێژتر دابنرێت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی پرۆسەکە، ئەوا ڕەنگە کارێکی باش بێت، چونکە خەڵکی ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەگەر ڕەققەش ڕزگار بکرێت ئەوا شەڕە سیاسییەکە کۆتایی نایەت و ئەمەش دووبارە سەردەکێشێتەوە بۆ خوێنڕێژی، کەواتە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا هەنگاوێکی باشە، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی ئەمە حاڵەتەکە بێت، بەڵام وێنای ئەوە دەکەم کە خەڵکی ناوچەکە بەو شێوەیە لێی بڕوانن.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە، بەتایبەتی شەڕی ڕزگارکردنەوەی موسڵ، لە ئێستادا مەترسی ئەوە دروست بووە کە لەبری چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش لەو شارەدا، جارێکی دیکە گرژی و دابەشبوونی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا قووڵتر ببێتەوە، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە بەشداری بەرچاویان هەیە لە شەڕەکەدا، پێشێلکاری دەکەن لە دژی دانیشتووانی سوننەی ئەو شارە، ئێوە ئاکامەکانی ئەم پێشێلکارییانە چۆن دەبینن؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەگەر داعش لە ڕووی سەربازیشەوە تێکبشکێندرێت، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەبێت ئەگەر بێتوو ڕێککەوتنێك نەیەتەئاراوە، ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە کە دەبێت ئەمریکا لەبەرچاوی بگرێت، نەك تەنیا لە پەیوەندی بە ڕێگرتن لە پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو لە پەیوەندی بە حیساباتی ململانێی دەسەڵاتەوە، بەتایبەتی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئێران. ئەوەی مایەی خۆشبەختی، یان بەدبەختییە، ئەوەیە کە ئەمریکا زیاتر لە پرسی مافەکانی مرۆڤ بایەخ بە دەستڕۆیشتوویی ئێران دەدات، بەڵام هەر دەبێت بایەخیش بە پرسی مافەکانی مرۆڤ بدات، چونکە ئەو پێشێلکارییانەش هۆکارێکن بۆ سەرهەڵدانی داعش و ئەگەر ئەمە کارەکە نەکرێت، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم. ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو یەکانەی حەشدی شەعبی دەستبەرداری چەکەکانیان دەبن، یاخود لەگەڵ چەکەکانیاندا ئاوێتەی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق دەبن، لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە زۆر زەحمەتە ئەوان چەك فڕێ بدەن، کە حزبوڵا لوبنانی نموونەیەکە لەو ڕووەوە.

*** ئێوە لە کۆتایی وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان بە حزبوڵا کرد، کە ئاشکرایە لە ئێستادا ئێران و حزبوڵا، هەروەها سووریاش دژی موعارەزەی سووری شەڕ دەکەن، کە بە دڵنیاییەوە ئەوەش تای تەرازووەکەی بە بەرژەوەندی ئەسەد شکاندۆتەوە، لە هەمان کاتدا شەڕی ئەمریکاش لە دژی داعش لەو وڵاتەدا لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی باشترکردنی پێگەی بەشار ئەسەد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مانەوەی**

**ئەمریکییەکان لە عێراقدا لە یەک کاتدا دەبوونە ئامانجی هێرشی سوننە جیهادییەکان و میلیشیا شیعەکان، کە دواتریش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە**

**چەند بەرپرسێکی سەرەکی نێو ئیدارەکەی سەرۆک ترەمپ هەڵوێستێکی توندیان گرتەبەر لە ئاست ئێراندا، ئەمەش مایەی دڵنیایی بوو بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەڵام تا ئێستا بە تەواوەتی هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست زۆرێک لە پرس و کێشەکان ڕوون نەبۆتەوە**

**ئایندەیەکی پڕ لە بەختەوەری چاوەڕوانی خەڵکی سووریا ناکات، لە راستیدا تاوەکو ئەمریکا رۆڵی رووسیا و ئێران قبووڵ نەکات لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی سووریادا، ئەوا نازانم چۆن دەتوانرێت هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگیرێت**

**ئەگەر داعش لە رووی سەربازیشەوە تێکبشکێندرێت، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەبێت ئەگەر بێتوو رێککەوتنێک نەیەتەئاراوە، ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە کە دەبێت ئەمریکا لەبەرچاوی بگرێت، نەک تەنیا لە پەیوەندی بە رێگرتن لە پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو لە پەیوەندی بە حیساباتی ململانێی دەسەڵاتەوە، بەتایبەتی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران**

**ئەسەد لە دەسەڵاتدا بە مانای درێژەکێشانی نەهامەتییەکانی خەڵکی سووریا نایەت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئایندەیەکی پڕ لە بەختەوەری چاوەڕوانی خەڵکی سووریا ناکات، لە راستیدا تاوەکو ئەمریکا رۆڵی رووسیا و ئێران قبووڵ نەکات لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی سووریادا، ئەوا نازانم چۆن دەتوانرێت هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگیرێت، هەروەها پرسیاری ئەوە لە ئارادایە ئایا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی رازی دەبن بەشار ئەسەد — کە لەلایەن ئێران و رووسیاوە پشتیوانی دەکرێت- دۆخی سووریا سەقامگیر بکاتەوە کە ئاشکرایە ئەمەش بەم نزیکانە روونادات. بەداخەوە من وەڵامێکی باش شك نابەم و چارەسەرێکی ئاسان و خێرا بەدی ناکەم. هەروەها گفتوگۆکانی ئەم دواییە و کارکردنی رووسیا لەسەر سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین رووبەڕووی ئاڵۆزی دەبێتەوەو لە راستیدا پێشتریش لە ئەمریکا باس لەم بیرۆکەیە کرا، بەڵام کێشەیەکە ئەوەیە لە کاتی جێەجێکردنیدا دووچاری ئاڵۆزی دەبێتەوە.

*** دوای واژۆکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا رەخنەگران باسیان لەوە کرد کە ئەم رێککەوتنە بۆتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی ئێران و لاوازکردنی هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەی ترەمپ توانیویەتی ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکاتەوە بەوەی فشاری زیاتر بخاتەسەر ئێران و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دڵنیا بکاتەوە؟**

- من نازانم ئایا کار و کۆششێکی زۆری کردووە بەو ئاراستەیەدا، یان نا، بەڵام بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری لە ئیدارەکەدا روویداوەو چەند بەرپرسێکی سەرەکی نێو ئیدارەکەی سەرۆك ترەمپ هەڵوێستێکی توندیان گرتەبەر لە ئاست ئێراندا، ئەمەش مایەی دڵنیایی بوو بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەڵام تا ئێستا بە تەواوەتی هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست زۆرێك لە پرس و کێشەکان روون نەبۆتەوە، واتە تێڕوانینێکی گەڵاڵەکراو نییە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکاندا، لە هەمان کاتدا ئاشکرایە کە تا ئێستا دۆناڵد ترەمپ هەنگاوێکی رادیکاڵی هەڵنەگرتووە لە چەشنی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە.

*** بەڵام سەرۆك ترەمپ گوزرێکی مووشەکی ئاڕاستەی بنکەیەکی ئاسمانی سووری کرد، کە هەندێ کەس وای لێکدەدەنەوە هەنگاوێك بێت بە ئاڕاستەی گەڕاندنەوەی سەرکردایەتی و میسداقیەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەمە چ ئاکام و کاریگەرییەکی لێکەوتەوە؟**

- لە راستیدا رەنگە بتوانین بڵێین ئەمە جیاوازی و دابڕانێکە لە سیاسەتی ئۆباما کە ئێمە دەزانین ئیدارەی ئۆباما بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە هێڵی سوور لەقەڵەم دا، بەڵام دوای بەکارهێنانی ئەو چەکە — لەلایەن رژێمی سووریاوە- هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، واتە لەبەر ئەوەی ئیدارەی ترەمپ کاردانەوەی هەبوو، ئەوا دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە ئەمە گەڕاندنەوەی میسداقییەتی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەنگاوی داهاتوو چی دەبێت، ئایا ئەگەر حکومەتی سووریا جارێکی دیکە ئەم کارەی دووبارە کردەوە، چی روودەدات و ئایا کاردانەوەکە چی دەبێت؟

*** ئێوە باسی دەستڕۆیشتوویی ئێرانتان کرد لە عێراقدا، هەروەها ئاماژەتان بەوەکرد کە لە غیابی رێککەوتنی سیاسیدا دۆخەکە خراپتر دەبێت، تەنانەت ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا چۆن دەتوانێت سنوورێك بۆ کاریگەری ئێران لەسەر عێراق دابنێت و چۆن رێگری لە ئێران بکات بۆ ئەوەی دۆخی عێراقی نەقۆزێتەوە بۆ برەودان بە دەسەڵاتی خۆی لەم وڵاتەدا، ئایا ئەمە پێویستی بە بوونێکی سەربازیی گەورە و درێژەخایەنی ئەمریکا دەکات لە عێراقدا؟**

- لە راستیدا من لەو باوەڕەدا نیم کە بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا تەنیا بە ئامانجی سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران کارێکی ئیجابی بێت، چونکە رەنگە ئەو کاتە دۆخێکی هاوشێوەی چەند ساڵێك پێش ئێستا بێتەئاراوە کە تێیدا هێزە ئەمریکییەکان لە عێراقدا لە یەك کاتدا دەبوونە ئامانجی هێرشی سوننە جیهادییەکان و میلیشیا شیعەکان، کە دواتریش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە. لەبەر ئەوە من چارەسەرێك بۆ ئەم

کێشەیە بەدی ناکەم جگە لەوەی پێشنیاری ئەوە بکەم کە هێزە ئیقیلمییەکانی دیکە — کە بەرهەڵستی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکەن- رۆڵ ببینن لەم رووەوە، بەڵام ئەوەش گرفتی خۆی هەیە، چونکە ئەو وڵاتەی بەرهەڵستی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکات، سعودیەیە، کە رۆڵی سعودیەش لە عێراقدا وەك شمشێرێکی دوو دەم وایە و بۆی هەیە سعودیە پشتیوانی گروپە توندڕەوەکان بکات.

*** بە بۆچونی ئێوە ئایا بنەماکانی چارەسەری سیاسیی درێژخایەن لە عێراقدا چی دەبن؟ ئایا لەو باوەڕەدا نیت کە پێویستە پێکهاتەکان خاوەنی دەسەڵات و داهاتی زیاتر بن بۆ ئەوەی چیتر ئەم کێشانە لە ئایندەدا سەرهەڵنەدەنەوە؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەمە بکرێت، بەڵام نازانم ئایا ئەمە ئەنجام دەدرێت یان نا. دەبێت سوننەکان هەست بکەن لە رووی ئەمنییەوە پارێزراون و دەبێت لە ئایندەدا جۆرێك لە دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا پیادە بکرێت، لەبری ئەوەی میلیشیا شیعەکان کۆنترۆڵی ناوچەکانیان بکات. هەروەها ئومێدەکە ئەوەیە پێش کۆتاییهاتنی داعش ئەم کارە بکرێت، بەڵام بەداخەوە من نابینم هەوڵەکان بەم ئاراستەیەدا خرابێتنە گەڕ، کە دەبوو کار و کۆشش لەسەر ئەم پرسە بکرایە.

*** دوایین بەشی گفتوگۆکەمان پەیوەست دەکەین بە هەوڵ و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی، کە هەروەك دەزانن ئەم هەرێمە هاوپەیمانێکی بەتوانا و متمانەپێکراو بووە لە شەڕی دژ بە تیرۆریستان و لەم ساتەوەختەشدا ناکۆکی قووڵی هەیە لەگەڵ حکومەتی بەغدا، لە ئێستاشدا ئەم هەرێمە دەیەوێت ریفراندۆم ئەنجام بدات و کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆی دەکات، بیروبۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا ئەنجامدانی ریفراندۆم پەرەسەندنێکی مێژووییە و تەنانەت ئەگەر راپرسییەکەش هەنگاوێکی رەمزیش بێت، ئەوا پەیامێك دەبێت نەك تەنیا بۆ عێراق، بەڵکو بۆ بەشەکانی دیکەی ناوچەکە کە ئەم هەرێمە خاوەن خاکی خۆیەتی.

*** بەڵام کورد خوازیارە ئەم پرۆسەی سەربەخۆییە بە رێگەی گفتوگۆ و بە شێوازێکی ئاشتییانە ئەنجام بدرێت، تا چەند رێی تێدەچێت ئەم رێگاچارەیە سەرکەوتوو بێت؟**

- لە راستیدا ئەمە پەیوەستە بەوەی ئایا تا چ رادەیەك دەستتێوەردانی تورکیا کاریگەری دەبێت یان نا، چونکە تورکیا بە بایەخەوە لە هەر پرۆسەیەکی گفتوگۆ دەڕوانێت لەو رووەوە کە ئایا ئەم پرۆسەیە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر کوردی وڵاتەکەی و کوردی سووریاش. کەواتە ئەگەر ئەم پرۆسەیەش بە بێدەنگی و بە وریاییەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا ئەنجام بدرێت، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. ئەگەرچی ئێوە گفتوگۆ لەبارەی ئایندەی سیاسی خۆتان و مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە دەکەن و ئەمە مەسەلەیەش راستەوخۆ کاریگەری ناکاتە سەر ئەوان، چونکە نابێتەهۆی گۆڕینی سنوورەکانی ئەوان.

*** باشە ئەگەر ئەو جیابوونەوەیە ئاشتییانە بێت، ئایا دەبێتەهۆی ئەوەی پشتیوان و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت؟**

- لە راستیدا ئەمە لە بەشێکیدا بەندە بەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا چۆن دەبن، واتە راستە کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکەش دەبێت، بەڵام گرنگترین وڵاتی ناوچەکە لەم رووەوە تورکیایە. چونکە ئەگەر ئێستا ئێمە لە سووریا بڕوانین، ئەوا لە پەیوەندی بە شەڕی داعش و شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتەوە ئەوا هەڵوێست و تێڕوانینی تورکیا لە سەر یەپەگە بۆتەهۆی ئەوەی گرژی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا دروست بێت. کە دەبێت لەم رووەوە ئەمریکا هاوسەنگییەك دروست بکات و دەبێت بڕیاری ئەوە بدات ئایا باشترین چارەسەر چییە کە پێویستە بیگرێتەبەر لە میانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا. کەواتە راستە ئەمانە دوو ناوچە جیاوازن — هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی سووریا- بەڵام ئەمانە پرسگەلێکی پەیوەندیدارن.

**کورد پێیانوایە هەل و مەرجێکی لەباریان هەیە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و رەنگە ئەمەش سەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا بخولقێنێت**

**کوردستان لە رووی کەلتوورییەوە سەربەخۆیەو خاوەنی دامەزراوەی سیاسی تایبەت بە خۆیەتی و مایەی سەرسوڕمان دەبێت و بگرە زەحمەتیشە کە جارێکی دیکە کورد لە عێراقدا دەست لە دەسەڵاتەکانی خۆی هەڵگرێت و ئەو دەسەڵاتانە بۆ حکومەتی مەرکەزی بگەڕێنێتەوە**



دانا جەزا عەلی کاتب
ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ گوڵان:

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕێگری سیاسی گەورەی لەبەردەمە بۆیە ناتوانین وەک پێویست خزمەتی خەڵک بکەین

**پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت ماوەیەك پێش ئێستا دەستی لەکار کێشایەوەو ئێستا جێگری دووەمی پارێزگار ئەرکەکانی پارێزگاری سلێمانی رادەپەڕێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کێشەی سیاسی بەرۆکی کارەکانی ئەنجومەنی پاریزگا و هەڵسووڕاندنی کارەکانی پارێزگای گرتووە، بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و گرفتەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ دانا جەزا عەلی کاتب ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ هەتا ئێستا جۆرێك لە ناسەقامگیری لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەستی پێدەکرێت، هەر لە کێشەی رێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی لەسەر پرسی پارێزگاری سلێمانی کە ماوەیەکی زۆری خایاند، تا دەست لەکار کێشانەوەی پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت، ئایا ئەدای ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لەماوەی سێ ساڵی رابردوو رێگری گەورە لەبەردەم ئەو کارانەی لەبەرنامەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووە و ئەوەی لەدەسەڵاتی ئێمەدا بووە بۆ خەڵکی سلێمانی بکەین، رێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتی و گۆڕان و ململانێ سیاسییەکانی نێوخۆی سلێمانی کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەپێدانی پارێزگای سلێمانی هەبووە. بەو پێیەی گەشەپێدانی ئابووری و ئیداری و کۆمەڵایەتی پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەر هەیە، کە گرنگترینیان سەقامگیری سیاسی و ئابوورییە بۆ ئەوەی کار بۆ خەڵکی بکەین، هەروەها ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتی و گۆڕان و زۆرجار ململانێی نێوان لایەنەکانی دیکەش وایکردووە پارێزگای سلێمانی شوێنێکی گونجاو و لەبار نەبێت بۆ وەبەرهێنان، چونکە وەبەرهێنان و سەرمایە لەشوێنێکی ناسەقامگیری پڕ لەکێشەکێش کارناکات، لەلایەکی تر بەو پێیەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەدوو لایەنی سەرەکی یەکێتی و گۆڕان پێکدێت و خۆشیان پێکهێنەری کابینەی حکومەتی خۆجێیەتی سلێمانین، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ئەرکی سەرەکیی خۆی کە چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکارە لە پارێزگاکە سەرکەوتوو نەبووەو لێپرسینەوەکان لە ئاستی ویست و خواستەکانی ئێمەدا نەبووە.

*** بۆچی هەڤاڵ ئەبوبەکر نەبووە پارێزگاری سلێمانی؟ ئایا کێشەیەکی یاسایی هەبوو لە ناو ئەنجومەنی پارێزگادا کە ببێتە رێگر لەبەردەم بوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر بە پارێزگاری سلێمانی؟**

- بەپێی ماددەی ١٨ی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەو کەسە دەتوانێت ببێت بە پارێزگاری سلێمانی کە پاڵێوراو بێت لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگارو دەنگیش بە زۆرینە بێنێت و خۆیشی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێت، بەڵێ ئەو کەسەی کە دەبوو ببێت بەپارێزگاری سلێمانی، دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر بوو، چونکە ئەندامی ئەنجومەن بوو، دەنگی پێویستیشی هێنابوو، بەڵام کێشە سیاسییەکان وایکرد کە کێشەی یاسایی بۆ دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر دروست بکات. دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر مانعی نەبوو کە مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ دەربچێت، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ئەو فشارەی دروستکرد کە ئەمە جێبەجێ نەبێت، واتا گۆڕان خۆی نەیویستووە هەڤاڵ ئەبوبەکر ببێت بەپارێزگاری سلێمانی، رەنگە لەسەرەتاوە فشاری یەکێتی بووبێت، یا مەسەلەیەکی دیکەی لە پشتەوە بێت، لەلایەکی ترەوە دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر نە پارێزگاری سلێمانییە،نە ئەندامی بزووتنەوەی گۆڕانە، نە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیشە و وەکو ئەندامی ئەنجومەنیش دەوامەکەی خۆی بەپێی پێویست ناکات.

*** پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت دەستی لەکار کێشاوەتەوە و بەحیساب دەبێت جێگری دووەمی پارێزگار کاروبارەکانی پارێزگای سلێمانی بەڕێوە بەرێت، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان کاندیدێکی دیکە لە جێگەی سەردار قادر دابنێت بۆ بوونی بە پارێزگاری سلێمانی، ئایا ئەو رێوشوێنە یاساییانە چین کە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەم مەبەستە بیگرێتەبەر؟**

**لە سلێمانی هەر دواکەوتنێک لە پرۆژەکانی ژێرخان و پەرەپێدان و شارەوانی هەبێت، دەبێت لەگەڵ ژمارە قسە بکەین نەک لەگەڵ میدیای سەر شاشەی تیڤییەکان و هاتوهاوارو شاردنەوەی راستییەکان**

**لە دابینکردنی ئەو ١٠ ملیار دینارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆ بەڵێندەر و وەبەرهێنەران تەرخانکرا، ٤ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن دینار بۆ پارێزگای سلێمانی بوو**

- یەکێك لە هۆکاری ئەو قەیرانە سیاسی و داراییانەی کە گرفتی بۆ پارێزگای سلێمانی دروست کردووە، بزووتنەوەی گۆڕانە؛ لەراستیدا بزووتنەوەی گۆڕان هەڵسوکەوتی سیاسییان لەگەڵ ئەم کەیسە کردووە و ئەوەش وایکردووە کێشەی یاساییش دروست بکەن، لەکاتێکدا گۆڕان دەیتوانی هەموو ئەو کێشانە تێپەڕێنێت و کێشە سیاسییەکان تێکەڵ بە وەرەقەی یاساییەکان نەکات بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی هەیانبوو پۆستی پارێزگار وەربگرن. لەساڵی ٢٠١٤ هەشت مانگ بە دەست کێشەی پارێزگارەوە ناڵاندمان کە یەکێتی و گۆڕان نەدەگەیشتنە ڕێککەوتن. سەبارەت بەپرسی کاك سەردار کە پارێزگار نەبووە و مەرجی بوون بە پارێزگاری تێدا نییە، ئەو پیاوێکی بەڕێزە، بەڵام بەیاسا ناتوانین پێی بڵێین پارێزگار لەبەر ئەوەی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن نییە، بەداخەوە ڕێکەوتنی دوو ساڵەی گۆڕان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی پارێزگا کاریگەری سلبی زۆر گەورەی لەسەر ڕەوشەکە هەبووە، من نازانم لەم دۆخەدا چ پارێزگارێك هەیە بتوانێت بە دوو ساڵ بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات. ئەمە غەدرێك بوو لەپارێزگای سلێمانی کرا، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی خەمخۆری سلێمانی بوونایە، دەبووایە بەهەردووکیان پارێزگارێکیان بۆ ئەو چوار ساڵە هەڵبژێردایە، با جێگری پارێزگارەکە لەحزبەکەی تر بووایە و ئەگەر لایدا چاودێری بکردایە.

*** ململانێ سیاسییەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕان ڕوون و ئاشکرایە بەڵام ئایا ڕۆڵی پارتی چییە؟**

- بەو پێیەی دەسەڵاتی یەکەم لە سنووری پارێزگای سلێمانی لای یەکێتی نیشتمانی کوردستانە؛ جێگای داخیشە لەم دواییەدا ململانێی گەورە کەوتە ناو سەرکردەکانی ئەو حزبەوەو دواتر بزووتنەوەی گۆڕانی لێ جیابووەوە، ئەمەش بووە سەرەتای قۆناغێکی درێژخایەنی ململانێیەکی قووڵ لەپارێزگای سلێمانی کە کاریگەری هەبوو لەسەر هەموو جومگە و سێکتەرەکانی پارێزگاکە، کاتێکیش ململانێ لەناو خودی یەکێتی دروست بووەوەو وەکو خۆشیان وتوویانە ململانێکە لەسەر ئایدیۆلۆژیا نەبووە، بەڵکو لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و دارایی و ئیداری بووە، دەرئەنجام ململانێکە کاریگەری خراپی لەسەر سەرجەم سێکتەرەکان و هاووڵاتیانیش هەبووە. هەڵەیەکی دیکە کە بزووتنەوەی گۆڕان کردی، ئەو ڕێککەوتنەی بوو لەگەڵ یەکێتیدا، بەمەش دووفاقییەك بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دروست بوو، لەلایەك لەحکومەتی هەرێم هاتوونەتە دەرەوە و دژایەتی حکومەت دەکەن، لەلایەکی ترەوە چوونەتە ناو حکومەتێکی خۆجێیی سلێمانییەوە و لەناو دەسەڵاتدان، ئەم پشێوی و بێسەروبەری و دوو سیاسەتییە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خودی بزووتنەوەکەش دروستکردووە. من دڵنیام جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕان لەقۆناغی داهاتوو سزای بزووتنەوەکە دەدەن.

*** ماوەیەك بزووتنەوەی گۆڕان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەدواداچوون لەسەر داهاتی سلێمانی بکات، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکیش پێکهات، بەڵام وادیارە ئێستا ئەو لیژنەیە کارناکات، ئایا کرۆکی سەرەکیی کێشەی داهاتی سلێمانی چییە؟ ئایا بۆ ناتوانرێت لەسەر داهاتی سلێمانی هیچ ڕوونکردنەوەیەك بدرێت؟**

- مەسەلەی داهاتی سلێمانی بابەتێکی زۆر قووڵ و وردە، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تاکو ٢٠١٣ نزیکەی ٢٣ ملیار دۆلار هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان، لەو پارەیە نزیکەی ١١,٥ ترلیۆن دینار بۆ پارێزگای سلێمانی بووە، ئەو کاتە وەکو بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان خەرج کراوە، بەڵام ئەو کاتەش نەتوانراوە ئەو بڕە پارەیە وەکو پێویست خەرج بکرێت، تەنیا ٥٠٪ی ئەو پارەیە بۆ پڕۆژەکان خەرج کراوە، ئەمەش لەبەر نەبوونی بەرنامەو کێشەو ململانێی سیاسی پارێزگاکە، بگرە لەو ٥٠٪ی گەڕاوەتەوە بۆ گەنجینەی حکومەتی عێراق و بەکار نەهاتووەو پارەکە لەدەست دەرچووە، مەسەلەی داهاتی سلێمانی لەمەوە درێژ بووەتەوە بۆ ئێستا بە ڕادەیەك سەرەڕای ئەوەی ژمارە و داتاکان ورد و شەفاف نییە، بەڵام دەتوانرێت داهاتی سلێمانی پارەکەی بەکاش نەك بەچەکی بانکی مانگانە لەنێوان ٥٠ بۆ ٧٠ ملیار دینار بخەملێندرێت، ئەمە جگە لەداهاتی نەوتی واتا ئەو داهاتە تەنیا داهاتی خاڵی سنووری و باج و هاتوچۆو شارەوانی و ڕسوماتی خزمەتگوزاری کارەباو تادوایی دەگرێتەوە، ئەم داهاتەش تەنیا وەکو ژمارە باس دەکرێت، نەك بەکارهێنان کە ناڕوونییەکی لە ڕادەبەدەری تێدایە، نە لە ئەنجومەنی پارێزگا وردەکاری لەسەر داهاتی ناوخۆی سلێمانی هەیە، نە وەکو جەنابی

**هەرێمی کوردستان کەرکووکی لێبووەتەوە و تا ئێستا بە فەرمی نەمانتوانیوە بیخەینە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر سلێمانیشی لێ جیابکەنەوە، ئەوا جگە لە پیلانی نەیارانە و ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی نەتەوەیی هیچی دیکە نییە**

**بەداخەوە هەندێک برادەر لە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕاستەوخۆ داوادەکەن پارێزگای سلێمانی لەهەرێمی کوردستان جیابکرێتەوەو بەدەنگدان بخرێتە سەر حکومەتی ناوەندی عێراق و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەغدا بۆبکرێت**

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ئەرکی سەرەکیی خۆی کە چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکارە لە پارێزگاکە سەرکەوتوو نەبووەو لێپرسینەوەکان لە ئاستی ویست و خواستەکانی ئێمەدا نەبووە**

پارێزگاریش وردەكاری لەسەری هەیە، كاك سەرداریش لەكۆنگرە رۆژنامەوانییەكەیدا باسی ئەم ناشەفافی و ناڕوونییەی لەداهاتی ناوخۆی سلێمانی كرد، تەنانەت لەنێوان لایەنە سیاسییەكان كە لەسلێمانی رێككەوتنیان لەنێواندا هەیە، داهاتی ناوخۆ روون نییە. بەپێی زانیارییەكانمان ئەو داهاتانە ناچنەوە هەولێرو بەناوی بودجەی بەكارهێنان (تشغیلی) بەكار دەهێنرێت بۆ خودی بەڕێوەبردنی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگاكانی سنوورەكە، بەڵام داهاتی سلێمانی چەندەو چەندی لێ بەكار دێت و چۆن خەرج دەكرێت و چەندی بەكار نایەت و وەلا دەنرێت و دەیان پرسیاری تر لەلای ئێمە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی روون و دیار نییە.

*** لەماوەی رابردوو پارێزگای سلێمانی كۆمەڵێك رێوشوێنی بۆ رێكخستنی شاری سلێمانی دەركرد، وەك نەهێشتنی عەرەبانە و زیادەڕۆیی ئەو كەسانەی لەسەر شەقامەكان شت دەفرۆشن، بێگومان ئەم بڕیارانەی پارێزگار لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەندكراون، بەڵام ناڕەزایی خەڵكیشی لێكەوتەوە، ئایا لەسەر چ بنەمایەك ئەو بڕیارانە دەركراون، لە كاتێكدا كوردستان لە قەیرانێكی گەورەدایە؟**

- ئێمە وەكو ئەنجومەن رەچاوی مافی خەڵك و بارودۆخەكە دەكەین، لەسەر ئەم رێوشوێن و بڕیارانەی كە پارێزگا پەیڕەوی كرد، ئەنجومەن لێی ئاگادار نەبوون، پرۆسەیەك بوو تەنیا وەكو دەسەڵاتی جێبەجێكار پارێزگار و قایمقامی شاری سلێمانی ئەم بەرنامەیەیان هەبووە و جێبەجێیان كردووە، بەمەبەستی رێكخستنی ناو شارو نەهێشتنی زێدەڕۆیی بووە، بەپێی یاساو عورفە پەیڕەوكراوەكە ئەو پرۆژەو بڕیارانە دەبووایە بێتە ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و گفتوگۆ و تاوتوێی بكات و پەسەندی بكات، یاخود رێنمایی و تێبینی خۆی هەبێت و دوای دەستكاریكردن پەسەندی بكات، هەربۆیە ئەم كارەی پارێزگای سلێمانی و قایمقامی شار خاڵێكی لاوازی بەرنامەكەیان بوو، راستە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دژایەتی پرۆسەكە نەكرا، بەڵام وەكو ئەندامانی ئەنجومەن بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەكۆبوونەوەدا داوامان لێكردن كە بەڵێ ئێمە لەگەڵ جێبەجێكردنی یاسادایین و لەگەڵ ئەو بڕیارەی حكومەتی هەرێمی كوردستانین بۆ دژایەتیكردنی زیادەڕۆیی بەهەموو شێوەیەك و هاوكار دەبین لەو پرۆسەیەدا، بەڵام دەبێت سەرجەم پرۆسەكە بە بەرنامە بێت و تاوتوێ بكرێت و دیراسەی هەموو شتێك بكرێت، تەنانەت نابێت لە چینە هەژارەكەوە دژایەتیكردنی زێدەڕۆیی دەست پێبكرێت، دەبێت هەنگاوەكان لەوێوە دەست پێبكرێت كە كاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیانی خەڵك نەبێت.

*** لەناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی رابردوو زۆر باسی لامەركەزییەت بۆ سلێمانی دەكرێت، بەڵام بۆ پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پارێزگاكان ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە كە دەسەڵاتی هەموو پارێزگاكان زیاتر بكرێت، ئایا كە باس لە لامەركەزیەتی سلێمانی دەكرێت، مەبەست ئەو بڕیارەی ئەنجومەنە، یان جیاكردنەوەی سلێمانییە لە هەرێمی كوردستان؟**

- مەسەلەی پارێزگای سلێمانی و لامەركەزییەت كە باس دەكرێت دوو مەسەلەی جیاوازن، بەئێمەشەوە لەگەڵ ئەوەداین لامەركەزییەت هەبێت و دەسەڵاتێكی زیاتر بدرێت بە پارێزگاكە و رۆتین كەم بكرێتەوە و ئیشوكارێكی وا بكرێت سوودێكی باش بگەیەندرێتە هاووڵاتیان لەخزمەتگوزاری و بەخێراكردنی ئیشوكاری هاووڵاتیان. ئەگەر سەیری یاسای ژمارە ٣ی ٢٠٠٩ بكەین كە خودی یاساكە لەسەر بنەمای نامەركەزی دروست كراوە، ئەو یاسایە زۆر باشترە لەو یاسایەی پێشتر كاری پێكراوەو پەرلەمانی كوردستان بە ئامادەبوونی هەموو نوێنەرانی لایەنە سیاسییەكان دروست كراوە و دەنگیان لەسەر دراوە، ئەگەر یاساكە وەكو خۆی جێبەجێ بكرێت، دەسەڵاتی زۆری بەپارێزگا دراوە، خۆی نەخشەكێشی گشتی بودجەكەیە و دواتر بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزی دەكاتەوە، بەمەبەستی پەسەندكردنی، ئەگینا نەخشەكێشەكە لەلایەن خودی پارێزگاوە دەكرێت بەچاودێری ئەنجومەنی پارێزگا، ئەگەر لە بڕگەو خاڵێكی یاسای نامەركەزییەتدا تێبینیمان هەبێت، زۆر ئاساییە بەرزبكرێتەوە و دووبارە موراجەعە بكرێتەوە، یاخود كۆنفرانسێك ببەسترێت بۆ ئەوەی ئەو بڕگانەی تێبینیمان لەسەرێتی لەهەر سێ پارێزگاكە كۆكین لەسەری ئەو كات پڕۆژەكە بەرزبكرێتەوە، چونكە مامەڵەی حكومەت لەگەڵ هەرچوار پارێزگاكەی كوردستان لە رووی دەسەڵاتەوە وەكو یەكە، تا ئێرە ئەمە ئاساییە، بەڵام ئەو تەوژمەی كە هەبوو كە تەنیا لەسلێمانیدا بكرێت و زۆرجار بەداخەوە بەئاشكرا لەناو ئەنجومەنی پارێزگاو دەرەوەی ئەنجومەنیش

**مەسەلەی داهاتی سلێمانی بابەتێكی زۆر قووڵ و وردە، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تاكو ٢٠١٣ نزیكەی ٢٣ ملیار دۆلار هاتووە بۆ هەرێمی كوردستان، لەو پارەیە نزیكەی ١١,٥ ترلیۆن دینار بۆ پارێزگای سلێمانی بووە، ئەو كاتە وەكو بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاكان خەرج كراوە، بەڵام ئەو كاتەش نەتوانراوە ئەو بڕە پارەیە وەكو پێویست خەرج بكرێت، تەنیا ٥٠٪ی ئەو پارەیە بۆ پڕۆژەكان خەرج كراوە**

**هەڵەیەكی دیكە كە بزووتنەوەی گۆڕان كردی، ئەو رێككەوتنەی بوو لەگەڵ یەكێتیدا، بەمەش دووفاقییەك بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دروست بوو، لەلایەك لەحكومەتی هەرێم هاتوونەتە دەرەوە و دژایەتی حكومەت دەكەن، لەلایەكی ترەوە چوونەتە ناو حكومەتێكی خۆجێیی سلێمانییەوە و لەناو دەسەڵاتدان، ئەم پشێوی و بێسەروبەری و دوو سیاسەتییە كاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خودی بزووتنەوەكەش دروست كردووە**

**ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتی و گۆڕان و ململانێ سیاسییەکانی نێوخۆی سلێمانی کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەپێدانی پارێزگای سلێمانی هەبووە**

گوێبیستی نەفەسی جیابوونەوە دەبووین بەوەی با سلێمانی سەربەخۆ بێت و دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی جیابکرێتەوە ئەمە کەرتبوونی هەرێمی کوردستانە و جگە خزمەتکردن بەداگیرکاران و دوژمنانی هەرێمەکە خزمەت بە کەس ناکات.

*** هەڵسووڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و پەرلەمانتارەکانیان بە ئاشکرا باس لە بە هەرێمکردنی سلێمانی دەکەن، ئایا فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هیچ بانگەشەیەکی لەو جۆرە دەکەن، یان ئەوان ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان دەگرن؟**

- بەداخەوە هەندێك برادەر لە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕاستەوخۆ داوادەکەن پارێزگای سلێمانی لەهەرێمی کوردستان جیابکرێتەوەو بەدەنگدان بخرێتە سەر حکومەتی ناوەندی عێراق و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەغدا بۆبکرێت. ئەمە ڕێزنەگرتنە لەیەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان کەرکووکی لێبووەتەوە و تا ئێستا بە فەرمی نەمانتوانیوە بیخەینە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر سلێمانیشی لێ جیابکەنەوە، ئەوا جگە لەپیلانی نەیارانە و ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی نەتەوەیی هیچی دیکە نییە.

*** باس لەوە دەکرێت لە سلێمانی دەسەڵاتێك نییە کە بتوانێت پرۆژەکان جێبەجێ بکات، ڕاشکاوانەتر باس لەوە دەکرێت کە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك پرۆژەکان کاری تێدا دەکرێت و لەسلێمانی ڕاوەستاون، ئایا هۆکاری چییە پرۆژەکانی سلێمانی ڕاوەستان و هی هەولێر و دهۆك کاریان تێدا دەکرێت؟ ئایا ئەمە سزادانی سلێمانییە، یان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ هەولێر و دهۆك جیاوازی هەیە؟**

- وەك ئاماژەم پێدا هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ ڕێکخراوە و بەپێی ئەو یاسایەش مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. هیچ جیاوازی نییە بەپێی یاساکە بۆ سەردار قادر و نەوزاد هادی و فەرهاد ئەتروشی هەموویان بەیەك یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، تەنانەت بودجەی هەرێمی کوردستان کە تەرخان کراوە بۆ پارێزگاکان بەپێی ژمارەی دانیشتووانە، بۆ نموونە لە دابینکردنی ئەو ١٠ ملیار دینارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆ بەڵێندەر و وەبەرهێنەران تەرخانکرا، ٤ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن دینار بۆ پارێزگای سلێمانی بوو، لەلایەکی ترەوە وەکو خەڵکی سلێمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای ئەم شارەش هیچ کاتێك قبووڵ ناکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان غەدر، یان ناعەدالەتی لەگەڵ سلێمانی بکات، هەر بەڵگەیەك لەسەر ئەوە هەبێت، گوایە ناعەدالەتی بەرامبەر سلێمانی کراوە، ئێمە یەکەم کەس دەبین وەکو نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاستەوخۆ هەڵوێستمان دەبێت و داوای ڕوونکردنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، لەکاتێکدا ئێمە دەیان بەڵگەمان لەبەردەستدایە کە بەهیچ جۆرێك جیاوازی نێوان پارێزگاکان نەکراوە. وەکو ئاماژەم پێدا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تاکو ٢٠١٣ بڕی ٢٧ ترلیۆن دینار هاتۆتە هەرێمی کوردستان کە ١١ ترلیۆن دیناری تەنیا بۆ پارێزگای سلێمانی بووە واتا ٤٣٪ی ئەو پارەیە بۆ پارێزگای سلێمانی بووە و پارەکەش لەژێر دەسەڵاتی ئێرە بووە و چۆن بەکار هێنراوەو چی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەر ئێستا پرۆژە نەکراوە و سلێمانی لە ڕووی خزمەتگوزاری و پرۆژەوە دواکەوتووە، دەبێت بەدەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بڵێین ئەو پارەیە بۆ خەرج نەکراوەو چی بەسەر هاتووە. پێشکەوتنی هەولێر لە شەو ڕۆژێکدا ڕووی نەداوە و پەیوەندی بە پرۆژەیەکی درێژخایەن هەیە. من پێم سەیرە باسی شەقامی ١٢٠ و ١٥٠ لەهەولێر دەکرێت و لەسلێمانی شەقامی ٦٠ مەترییەکەشی تەواو نییە، ئەوە پەیوەندی بە هونەری ئیدارەو بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانەوە هەیە. پرۆژەی شەقامی ١٢٠ هەولێر لەلایەن بەڵێندەرەکەوە لەسەر پارەی خۆی بەقەرز جێبەجێ کراوە، تەنانەت لەپارەی پترۆ دۆلاردا لە ٥٠٪ی بۆ پارێزگای سلێمانی بووە و لە ٢٠٪ی بۆ گەرمیان بووە، تاوەکو بۆ پرۆژەی درێژخایەن و ژێرخایەن خەرج بکرێت، کەچی خەرج نەکراوە؛ بۆچی شەقامی ١٠٠ مەتری لەسلێمانی و ١٢٠ مەتری هەولێر بەیەك ڕۆژ فەرمانی بۆ دەرچووەو لەهەولێر جێبەجێ کراوە، کەچی لە سلێمانی نەکراوە؟ لەهەولێر کۆمپانیاکە لەسەر بودجەی خۆی شەقامەکەی تەواو کردو لەسلێمانی کۆمپانیاکە وتی لەسەر بودجەو پارەی خۆم ئەنجامی نادەم، ئەگەر لە سلێمانی هەر دواکەوتنێك لە پرۆژەکانی ژێرخان و پەرەپێدان و شارەوانی هەبێت، دەبێت لەگەڵ ژمارە قسە بکەین نەك لەگەڵ میدیای سەر شاشەی تیڤییەکان و هاتوهاوارو شاردنەوەی ڕاستییەکان.

**زۆرجار بەداخەوە بەئاشکرا لەناو ئەنجومەنی پارێزگاو دەرەوەی ئەنجومەنیش گوێبیستی نەفەسی جیابوونەوە دەبووین بەوەی با سلێمانی سەربەخۆ بێت و دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی جیابکرێتەوە ئەمە کەرتبوونی هەرێمی کوردستانە و جگە خزمەتکردن بەداگیرکاران و دوژمنانی هەرێمەکە خزمەت بە کەس ناکات**

# ئەوەی ڕێز لەنیشتمان ناگرێت
# با هۆڵەکە بەجێبهێڵێت

ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە قسەی ئەمیر (فەیسەڵ بەندەر)ی ئەمیری ناوچەی ریازە لە سعودیە، کە لەم چەند رۆژەی رابردوودا زۆربەی دامودەزگا میدیاییەکانی سعودی و عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیان بۆ کردووە.

لەبەرواری ٢٠١٧/٥/١١ بەبۆنەی ئاهەنگێك لە زانکۆی شەقرا، لەگەڵ دەستپێکی ژەنینی سڵاوی شانشینی و سروودی نیشتمانیی سعودیە، ئەمیر (فەیسەڵ بەندەر)ی ئەمیری ناوچەی ریاز و ئامادەبووان هەستانە سەر پێ، لەو کاتەدا ژمارەیەك لە خوێندکارانی ئامادەبووی ئاهەنگەکە هەڵنەستانەوە، بۆیە ئەمیر (فەیسەڵ بەندەر) پێیان دەڵێت: ئایا ئێوە ڕێز لە نیشتمان ناگرن؟ ئەوەی ڕێز لە نیشتمان ناگرێت، با بڕواتە دەرەوەی هۆڵەکە.

ئەم رووداوە لە وڵاتێکی وەك سعودیەدا دەمانگێڕێتەوە سەر ئەو هۆکارەی کە بە هۆیەوە خەڵکانێك لەبەر سروودی نیشتمانیی وڵاتەکەیان هەڵناسنەوە، ئەو هۆکارەش فەتوای ئایینیی هەندێك لەو بەناو زانایانەیە کە کەلێن دەخەنە نێوان مرۆڤ و نیشتمانەکەیەوە، یەکێك لەو فەتوایانەش فەتوای لیژنەی هەمیشەیی توێژینەوە زانستییەکان و فەتوایە کە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هاتووە: ئایا ڕێپێدراوە هەستیتەوە وەك ڕێزلێنان لە هەر سڵاوێکی نیشتمانی، یان هەر ئاڵایەکی نیشتمانی؟

لیژنەی هەمیشەیی توێژینەوە زانستییەکان و فەتوا لەوەڵامدا دەڵێت:

«ڕێپێدراو نییە بۆ موسڵمان هەستێتە سەر پێ بۆ هیچ سڵاوێکی نیشتمانی، یان هەر ئاڵایەکی نیشتمانی، چونکە ئەوە بیدعەیەکی نامۆیە و لە زەمانی پێغەمبەردا نەبووە (دروودی خوای لەسەر)، لەسەردەمی خولەفای راشیدینیش نەبووە.»

ئەم جۆرە فەتوایانە کە لە رابردوودا لەو وڵاتەدا دراون، ئێستا کۆمەڵە کەسێك بەهۆی ئەو فەتوایانەوە بۆ سروودی نیشتمانیی وڵاتەکەیان هەڵناسنە سەر پێ.

ئەوەی مایەی نیگەرانی و جێگەی داخیشە ئەوەیە کە ئەم جۆرە فەتوایە پەڕیوەتەوە لای ئێمەش و ئێستا لەم کوردستانەی ئێمەدا کەسانێك بەهەمان ناوەڕۆکی ئەو جۆرە فەتوایانە، لەکاتی سروودی نیشتمانی ئەی رەقیبدا هەڵناسنە سەرپێ و ڕێز لە سروودی نیشتمانیی وڵاتەکەیان ناگرن.

بۆیە جێگەی خۆیەتی ئێمەش لەکاتی هەڵنەسانەوەی هەر کەسێکدا لەبەر سروودی نیشتمانیی کوردستاندا وەك ئەمیر (فەیسەڵ بەندەر) بەو کەسانە بڵێین:

(ئایا ئێوە ڕێز لە نیشتمان ناگرن؟ ئەوەی ڕێز لەنیشتمان ناگرێت، با بڕواتە دەرەوەی هۆڵەکە).

ئەم هەڵوێستەی ئەمیر (فەیسەڵ بەندەر)ی ئەمیری ناوچەی ریاز لە سعودیە، ئەوەمان پێدەڵێت کە وێرای هەبوونی فەتوای حەرامکردنی هەستانەوە بۆ ئاڵا و سروودی نیشتمانی لەو وڵاتەدا، کەچی ئەمیر بەندەر بەو قسەیەی سەلماندی کە زەمانی کارکردن بەو فەتوایانە تێپەڕیوە و ئیدی لەم سەردەمی نوێبوونەوە و پێشکەوتندا ناتوانرێت بە فەتوا کاری سیاسی بکرێت، چونکە بواری فەتوا بریتییە لە دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی کە تاکێك دەیپرسێت بۆ چاککردنی پەیوەندیی نێوان خۆی وخودای، بەڵام بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان پێویستیمان بەو یاسایانە هەیە کە لەبەر رۆشنایی دەستوور و گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند کراون.

**تێبینی:**

١- ئەم لینکەی خوارەوە سایتی سەرۆکایەتیی گشتیی توێژینەوە زانستییەکان و فەتوایە کە لەکاتی خۆیدا ئەو جۆرە فەتوایەی داوە بە ژمارە (٢١٢٣).

http://www.alifta.net/fatawa/fatawaDetails.aspx?BookID=3&View=Page&PageNo=4&PageID=115


٢- بۆ بینینی کورتە ڤیدیۆی قسەکەی ئەمیر (فەیسەڵ بەندەر)ی ئەمیری ناوچەی ریاز لە سعودیە، ئەم دێڕە لە گوگڵ بنووسە:

أمیر منطقة الریاض، الأمیر فیصل بن بندر: من لم یحترم الوطن فلیغادر القاعة



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

# ئایندەی وڵاتان پەیوەستە بە ئایندەی وزە لە جیهاندا



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

-١-

پێویستیی ئادەمیزاد بە سەرچاوەکانی وزە و فرە بەکارهێنانی بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە بایەخ بەو ناوچانە بدرێت کە ئەو سەرچاوانەیان تێدایە، هەروەها لە دامەزراندنی میرنشین و ئیمپراتۆرییەکان کە شەڕو هێرشی زۆریان تێدا روویداوە، زۆر لەو سەرچاوانەی وزە دۆزراونەتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین کە هێزە داگیرکارەکان لە نزیك ئەو سەرچاوانە نیشتەجێ بوون و بەکاریان هێناون، هەربۆیەش کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕو کوشتار بە هۆی دەوڵەمەندیی بە یەدەگی نەوت و غاز و ئاوی کانزایی.

**• چەمکی وزە**

وزە بنەمایەکی سەرەکیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە، کە هەموو کەرت و توێژەکانی کۆمەڵگە پێویستیان پێیەتی لە راییکردنی ژیانی رۆژنەیاندا، چونکە وزە بۆ بەگەڕخستنی کارگەکان و هۆیەکانی گواستنەوە و ئامێرەکانی نێوماڵ و زۆر شتی دیکە بەکاردەهێنرێت. وزە لەچەند شێوەیەکدا هەیە، وەك وزەی میکانیکی، گەرمی، دینامیکیی گەرمی، کیمیایی، کارەبایی، تیشك و ناوك.

**• کورتەیەك لە بەکارهێنانی نەوتی خاو**

١- قیر لە سواخکردنی ناوەوەی کەشتییەکەی نوح سڵاوی خوای لێ بێت بەکارهاتووە.

٢- فیرعەونییەکان جۆرێك قیریان لە بەمۆمیاکردنی تەرمی مردووەکانیان بەکارهێناوە، تاکو نەرزێت.

٣- پترۆل بۆ رووناککردنەوە بەکارهاتووە بە بەڵگەی دۆزینەوەی چرایەکی کۆن کە پاشماوەی وشکی زەیتی خاوی تێدا بووە لە کوڵخانەکانی زێڕ لە میسر.

٤- بەکارهێنانی نەوت وەك سەرچاوەیەکی بەهەڵمکردنی شۆراو بۆ بەرهەمهێنانی خوێ لە سەدەی چوارەمی زایین، کە ئەو کات خوێ لە زێڕ گرانتر بووە.

٥- نیشتەنییەکانی نەوت و قیر لە سەدەی هەشتەم لە عێراق بەکارهاتوون بۆ بیناکردن و ڕێگاوبان.

٦- بۆ یەکەم جار نەوت بە رێگای ئابووری لە سەدەی نۆیەمی زایین لە کێڵگەکانی باکۆی ئازەربایجان بەرهەمهاتووە.

٧- پترۆل وەك دەرمان بۆ نەخۆشییەکانی پێست و

باداری و ژانی ددان و برین و سووتان بەکارهێنراوە.

٨- نەوتی سووتێنەر وەك چەك لە شەڕوشۆڕدا بەکارهاتووە.

٩- مێژووی تازەی نەوت لە ساڵی ١٨٥٣ دەست پێدەکات ئەویش بە دۆزینەوەی یەکەم کوڵخانی بەردینی نەوت لە پۆڵۆنیا، لە هەمان ساڵیشدا پرۆسەی دڵۆپاندنی نەوت بۆ دەستکەوتنی کیرۆسین لەلایەن زانایەکی پۆڵۆنییەوە دۆزرایەوە، دواتر لە ساڵی ١٨٦١ یەکەم کارگەی دڵۆپاندن لە رووسیا لە کێڵگەی نەوتی سروشتی لە باکۆ دروستکرا.

١٠- بۆ یەکەم جار پیشەسازیی نەوتی ئەمریکا بە دۆزینەوەی نەوت لە ١٨٥٩ لە رێگای لێدانی بیری پترۆل لە ئەمریکا – ویلایەتی بنسلڤانیا دەستی پێکرد.

١١- لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا، دەوڵەتانی پیشەسازی کەوتنەخۆ بۆ گەڕان بە دوای نەوتدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە حوکمی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەبەر بوونی نیشتەنیی سرووشتی لە کوردستان، هەروەها فراوانبوونی بازرگانی لە رێی درووستکردنی رێگاوبان.

١٢- لە ساڵی ١٨٥٩ بەرهەمی نەوت گەیشتە ٢٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا و بۆ نزیکەی ٣ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ١٩٢٦، دواتر نەوت لەم وڵاتانە دۆزرایەوە، لە ساڵی ١٨٦٠ لە رۆمانیا و لە ١٨٦٣ لە پیرۆو لە ساڵی ١٨٦٨ لە رووسیا و لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئێران و لە ساڵی ١٩١٤ لە فەنزویلا و لە ساڵی ١٩٢٣ لە عێراق و لە ساڵی ١٩٣٦ لە سعودیەو لەساڵی ١٩٤٠ لە قەتەر و لە ساڵی ١٩٤٩ لە جەزائیرو لە ساڵی ١٩٥٨ لە لیبیا و لە ساڵی ١٩٦٨ لە میسر، هەروەها لە چەندین دەوڵەتانی دیکەی جیهان.

١٣- بەکارهێنانی پترۆل دوای داهێنانی ئامێری سووتانی ناوخۆیی لە ساڵی ١٩٠٨ پەرەی سەند، دواتر بۆ بەگەڕخستنی ئۆتۆمبیل بەکارهێنرا، ئەو ماشێنانە زۆر بە خێرایی بڵاوبوونەوە.

١٤- مرۆڤ لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهاندا پەرەی بە پترۆل دا تا دواتر وەك هێزو توانای سەربازی بەکارهێنرا، بە شێوەیەك کە گرنگیی پترۆل وای لێهات هەر دڵۆپێك لە پترۆل بەرامبەر دڵۆپێك خوێن بوو.

١٥- لەبەر زیادبوونی گرنگیی سەرچاوەکانی وزە بەتایبەتیش پترۆل، ئابووریی وزە بوو بە هۆکارێك بۆ دەستتێوەردانی داگیرکەران لە رابردوو لە ئێستاو لە ئایندەدا بە شێوازی جیاجیا کە لەگەڵ قۆناخ و هەلومەرجی نێودەوڵەتیدا بگونجێت، سیاسەتیش لەژێرەوە لەپشت پاراستنی کۆمپانیاکانی پترۆل بوو لەو دەوڵەتانەی بەرهەمیان هەیە.

١٦- بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٦ پترۆل وەك چەکێکی سیاسی بەکارهات، دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٤٨، سێیەم جار لە ساڵی ١٩٥٦، چوارەم جار لە ١٩٦٧، دواتر چەندین جاری دیکە وەك چەکی شەڕ بەکارهات لە ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٩ و لە شەڕی کەنداو.

**وزە بنەمایەکی سەرەکیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە، کە هەموو کەرت و توێژەکانی کۆمەڵگە پێویستیان پێیەتی لە راییکردنی ژیانی رۆژانەیاندا، چونکە وزە بۆ بەگەڕخستنی کارگەکان و هۆیەکانی گواستنەوە و ئامێرەکانی نێوماڵ و زۆر شتی دیکە بەکاردەهێنرێت**

## ● سەرهەڵدانی قەیرانی وزە لە جیهاندا

پەرەسەندنەکانی ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانێکی جیهانیی وزە لەئارادایە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە داخوازیی سەر نەوت لەگەڵ خستنەروو رێ ناکات، ئەو پەرەسەندنانە وایان لە دەوڵەتانی پیشەسازی کردووە کە بتوانن خۆیان رزگاربکەن لە پشتبەستن بە نەوت، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوون و پەرەسەندنی سەرچاوەی دیکەی وزە لە دەوڵەتانی پیشەسازیدا، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاشدا رێگە خۆشکرا بۆ ئەوەی هەموو جۆرەکانی وزە لە شێوەیەکەوە بگۆڕێن بۆ شێوەی دیکە بە بەکارهێنانی ئامێری سادەو تەکنیکی ئاڵۆز.

سەرچاوەکانی وزە بە چوار بواری سەرەکیدا بەکاردەهێنرێن: (گواستنەوە، پیشەسازی، نیشتەجێبوون، کەرتی بازرگانی)، گرنگیی سەرچاوە جیاوازەکانی وزە لە بری ئەو سەرچاوانە و رادەی بەردەوامبوونیاندایە، هەروەها لە تەکنەلۆجیای ئێستاو ئایندە بۆ دەرهێنانی ئەو سەرچاوانەو نرخی وزەو پەرەسەندنی بەکاربردن. قەبارەی یەدەگی نەوتی خاو لە جیهاندا بە ١٠٥١,٦ ملیار بەرمیل لە ساڵی ١٩٩٨ دەخەملێنرێت و ٦٣٪ یەدەگی جیهانی لە دەوڵەتانی عەرەبیدایە، کە دەکاتە ٦٤٣,٦ ملیار بەرمیل نەوتی خاو، لە کاتێکدا کە قەبارەی یەدەگی غازی سروشتی لە جیهاندا لە ساڵی ١٩٩٨ بە ١٥٢٢١٥ ملیار مەتر سێجا دەخەملێنرێت و ٢٢٪ی لە دەوڵەتانی عەرەبیدایە، کە دەکاتە ٣٢٧٠٨ ملیار مەتر سێجا، هەروەها تێکرایی بەرهەمی وزە لە جیهاندا لە ساڵی ١٩٩٨ بە ١٧٣,٧ ملیۆن بەرمیل لە نەوتی خام دەخەملێنرێت، ١٧,٦٪ی کە ٣٠,٦ ملیۆن بەرمیل

**لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا، دەوڵەتانی پیشەسازی کەوتنەخۆ بۆ گەڕان بە دوای نەوتدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە حوکمی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەبەر بوونی نیشتەنیی سرووشتی لە کوردستان، هەروەها فراوانبوونی بازرگانی لە رێی درووستکردنی رێگاوبان**

نەوتی خاوە لە دەوڵەتانی عەرەبی بەرهەم دەهێنرێت.

دیارترین گرنگیی پرۆسە بنەڕەتییەکانی پیشەسازیی پترۆل لە دەرهێنانی پترۆڵدایە لە بیرەکان و گواستنەوەیان بە بۆری بۆ بەندەرەکانی بە مەبەستی هەناردەکردن بە نەوتهەڵگر لە دەریا یان گواستنەوەی بە ترێلە بە ڕێگای وشکایی، دواتر پاڵاوتنی پترۆل و دابەشکردنی یاخود عەمبارکردنی یانیش بەکارهێنانی وەك کەرەستەی بەرایی لە پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکاندا.

ڕێژەی سەدیی بەکاربردنی سەرچاوە جیاجیاکانی وزە لە ساڵی ١٩٩٠ ( نەوت ٣٣٪ و خەڵووز ٢٢,٨٪، غاز ١٨,٨٪، سەرچاوەکانی بارستە زیندووەکان ١٣,٨٪، وێستگە ئاوییەکان ٥,٩٪ و وێستگەکانی وزەی ئەتۆم ٥,٦٪). پرۆسەی بەردەوامیی ڕەوشی وزە لەئێستاو لە ئایندەدا جیاوازە لەگەڵ پێش ٢٠-٣٠ ساڵی ڕابردوو، دابەزینی نرخی وزە و هەبوونی بڕێکی زۆری سووتەمەنی لە بازاڕەکاندا بوونە هۆی زێدەڕۆیی لە بەکاربردنی وزە و پابەندنەبوون بە پاشەکەوتکردن، هەروەها بووە هۆی مەترسیی زیاتری پیسبوونی سەرچاوەکانی ژیان( خاك و ئاوو هەوا).

بڕی وزەی ناخی زەوی سنووردارەو ناکرێ بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە، سەرەڕای بوونی زیاتر لە ١٠٠٠ ملیار بەرمیل لە یەدەگی نەوتی خاو لە جیهاندا کە دابەشبووە بەسەر ٦٠٠ حەوزی نەوت و هەزارانی دیکەش دۆزراونەتەوە، بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت پەنایان بردۆتە بەر لێدانی بیر لە پێکهاتە جیۆلۆجییەکانی تەنکایی و قووڵاییە مامناوەندەکان، وێڕای شوێنی سەختتر لە دەریا و وشکایی کە پێویستیان بە ماندووبوونی زۆرە، هەروەها وزەی زۆر کە هەندێ جار وزەی پێویست یەکسان دەبێ بە وزەی دەرهێنراو، ژمارەکانی یەدەگی نەوت و غاز کە تازەنەکراونەتەوە زۆر بەسوودو پێویستن لەم بوارەدا (ڕێژەی یەدەگ بەرامبەر بەرهەمهێنراو) کرداری دابەشکردنی یەدەگی مسۆگەر لە کۆتایی هەموو ساڵێك بەسەر بەرهەمی هەمان ساڵ، ئەنجامەکەی دەبێتە درێژیی تەمەنی یەدەگ، نزیکەی ١١٣٨ ملیار بەرمیل نەوتی خاو لە جیهاندا هەیە کە بە شێوەیەکی نارێك بەسەر دەوڵەتەکان دابەش بووە، بڕی بەرهەمی ڕۆژانەش لە سنووری ٩٤ ملیۆن بەرمیلدایە، لەبەر ئەوە دەبینین کە درێژیی تەمەنی نەوت ٤٠-٤٥ ساڵی داهاتووە، بەپێی ئەمە یەدەگی نەوت لە ئەورووپا تەنیا بەشی ١٠ ساڵ دەکات، یەدەگی ئەمریکاش بەشی ٢٥ ساڵ دەکات و یەدەگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ دەکات. بەڵام لە کوردستان بەشی زیاتر لە ١٢٠ ساڵ دەکات.

**● لایەنی باشیی و خراپیی وزەی ئیحفوری (سروشتی)**

سووتەمەنی ئیحفوری چڕییەکی بەرزی هەیە و بە ئاسانی دەگوازرێتەوە و هەڵدەگیرێت، لەڕێی ئامادەکردنی سووتەمەنی ئیحفوری بە پترۆکیمیاوی چەندین جۆری جیاوازمان دەست دەکەوێتە، لە خراپییەکانی بەکارهێنانی سووتەمەنی ئیحفوری ئەوەیە کە بە سووتانی هەواو خۆڵ و ئاو پیس دەبن و دواتر زیان بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێت، هەروەها قەتیس بوونی گەرمی، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گەرمیی زەوی و قەبارەی بەبیابانبوون و وشکەساڵی زیاددەکات. سەبارەت بە غازی سروشتی جیاوازە، چونکە یەدەگی گەورە لە رووسیای فیدراڵە، کە ٤٠٪ی یەدەگی جیهانە، دەوڵەتانی ئۆپێك ٤٠٥ی غازیان هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە ٢٠٪ بەسەر وڵاتانی دیکەی جیهاندا دابەشبووە، ڕێژەی یەدەگ بۆ بەرهەمهێنراو لەئێستادا نزیکەی ٦٥ ساڵە، یەدەگێکی زۆری خەڵووزی بەردین لە جیهاندایە کە بە ٩٠٠٠ بلیۆن تەن دەخەمڵێنرێت و بەسەر ٣٣ دەوڵەتدا دابەشبووە، تێکڕای بەرهەمهێنانی ساڵانەی خەڵووز ٣٠٠ ملیۆن تەنە و بڕی یەدەگ بۆ بەرهەمهێنراو بۆ زیاتر لە ١٥٠ ساڵە.

**● گرنگیی پترۆل**

گرنگیی پترۆل لە چەند ڕوویەکەوەیە، دیارترینیان یەکەم: ( لە ڕووی ئابووری و سیاسی و جەنگەوە) ئەوەش وا دەکات کە ئەم داهاتە تا ڕادەیەکی زۆر هێڵی سەرەکیی سیاسەتی جیهان بکێشێت. دووەم: گرنگییەکەی لە تایبەتمەندیی قۆرخکردنی بەرهەم و داگیرکردنی ناوچەی دیاریکراوی بەشێکی زۆری پێکهاتەکان دەردەکەوێت، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەکی دیاریکراوی کۆمپانیاکان لە بەشێکی فرەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو پاڵاوتن، لە کۆتاییدا دیراسەکردنی پترۆل لە دیاریکردنی ناوچەکانی بەرهەمهێنان، تا دەگاتە دەست بەکاربەر لە شێوەی جۆرەکان و پیشەسازییە جیاوازەکانی پترۆکیمیاوی کە بە ١٥٠٠ چەشن مەزندەدەکرێت.

دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان هەردوو

**پەرەسەندنەکانی ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانێکی جیهانی وزە لەئارادایە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە داخوازیی سەر نەوت لەگەڵ خستنەڕوو ڕێ ناکات، ئەو پەرەسەندنانە وایان لە دەوڵەتانی پیشەسازی کردووە کە بتوانن خۆیان لە پشتبەستن بە نەوت ڕزگاربکەن**

**دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان هەردوو هێزی سەرەکی ئەمریکاو سۆڤیەتی جاران پێگەیەکی تازەیان لە جیهاندا داگیرکرد، ئەویش لە ئەنجامی گۆڕینی باڵانسی دابەشکردنی سامانی سرووشتی لە سەرچاوەکانی پترۆل لە جیهاندا، هەردوو لا هەوڵیاندا کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوانە بکەن**

هێزی سەرەکی ئەمریکاو سۆڤییەتی جاران پێگەیەکی تازەیان لە جیهاندا داگیرکرد، ئەویش لە ئەنجامی گۆڕینی باڵانسی دابەشکردنی سامانی سرووشتی لە سەرچاوەکانی پترۆل لە جیهاندا، هەردوو لا هەوڵیاندا کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوانە بکەن، لە کۆنگرەی ماڵتا ڕێککەوتن کە ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەژێر هەژموونی سۆڤییەت بێت بە ڕێژەی ١٠٠٪و ئەورووپای ڕۆژئاواش بۆ ئەمریکا ١٠٠٪، لە بەلقانیش بۆ هەر یەکێکیان ٥٠٪ بێت، بەڵام بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سەرچاوەکانی پترۆل) هەر یەکەیان دانی بە بەرژەوەندی ئەوی دیکە دانا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر هەوڵیدا و ئێستاش هەوڵدەدات دەست بەسەر کۆڵەگەکانی ئابووریی جیهاندا بگرێت بۆ ئامانجی ئابووری و سیاسی و ستراتیژی، لەپێشەوەیان وزەو سەرچاوەکانی نەوت، لە ڕێی هاوپەیمانەکانییەوە دەیەوێت بازاڕی جیهان قۆرخ بکات بە نرخێکی گونجاو، زۆربەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت بەهۆی لاوازیی توانای ئیدارییان لە دامەرزاوە حکومییەکان و کەرتی تایبەت پەنایان بردە بەر گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ جێبەجێکردن و بەگەڕخستن و بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانی نەوت، ئەمەش پاشکۆیەتیی ئەو دەوڵەتانەی زیاتر چەسپاند و دەرفەتی گەشەسەندنی توانای ئیدارەی خۆجێیی پڕۆژەکانی لاوازکرد.

## ● گرنگیی پترۆل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهاندا هیچ سەرچاوەیەکی دیکە و بەردەست بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە ئارادا نییە جگە لە نەوت و غاز، زۆربەی کێڵگە زەبەلاحەکانی نەوتیش دەکەونە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە عەمبارگەی بنەڕەتیی سووتەمەنی جیهان دەژمێردرێت، بەرهەمەکەش ٤٧٪ی بەرهەمی گشتیی جیهانە، دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ لەئێستادا یان لە ئایندەدا دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێت بۆ پڕکردنەوەی داواکاریی جیهان لە پترۆل و غاز کە زیادی کردووە، لەبەر ئەوەی یەدەگێکی زۆری تێدایەو بە ئاسانی بەرهەم دەهێنرێت و قابیلی ئەوەیە ئاستی بەرهەمهێنان بە بەکارهێنانی تەکنیکی تازە بەرز بێتەوە. بۆیە ئەو ناوچەیە لەرووی جیهانییەوە بۆتە ناوچەیەکی ئەکتیڤ و ڕاستەوخۆ مۆرکی نێودەوڵەتی پێوەنووساوە، هەر گۆڕانکارییەکی جیۆسیاسی لەو ناوچە نەوتاوییە رووبدات دەبێت مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی جیهان، بەتایبەتیش دەوڵەتانی بەکاربەری نەوت و لەسەروویانەوە ئەمریکا، کە ڕۆژانە نزیکەی ١٧ ملیۆن بەرمیل پترۆل بەکاردەبات، ئەمەشە نهێنی ئەوەی کە ئەمریکا دەیەوێت کۆنترۆڵی شوێنەکانی پترۆل بکات تاکو بەردەوام سوودیان لێ وەربگرێت، هاوکات کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوتیش بگرێتە دەست، چونکە ئەگەر نرخی نەوت یەك دۆلار بەرزبێتەوە، مانای وایە خەرجی و پێدراوەکانی ئەمریکا ساڵانە بە بڕی ٤ ملیار دۆلار زیاددەکات، لێرەدا دەکرێ قەبارەی پێدراوەکانی ئەمریکا لە ئەنجامی یاریکردن بە نرخی پترۆل لە نێوان ٣٠ بۆ ١٤٧ دۆلار بۆ یەك بەرمیل هەڵبسەنگێنرێت.

لەئێستادا لە سەر ئاستی جیهاندا جگە لە نەوت و غاز هیچ سەرچاوەیەکی دیکە و بەردەست بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە ئارادا نییە، زۆربەی کێڵگە زەبەلاحەکانی نەوتیش دەکەونە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە عەمبارگەی بنەڕەتیی سووتەمەنی جیهان دەژمێردرێت، بەرهەمەکەش ٤٧٪ی بەرهەمی گشتیی جیهانە

گرنگیی ئابووریی پترۆل بۆ دەوڵەتانی بەرهەمهێن و بەکاربەر لەوەدایە کە زیاتر لە ٢٠٪ی بەرهەمی جیهانی بەرهەم دەهێنن، و بە ٥٠٪ی هەناردەی جیهان و ٥٠٪ی یەدەگی جیهان پشکداریی دەکەن، هاوکات دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی نەتەوەیی زۆربەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت.

## ● ئایندەی وزە- پترۆل

ئاستی بەکاربردنی ئێستا کە بە ٢٥ ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت، کە ساڵانە دەکاتە ٣,٥ ملیار تەن کاریگەریی دەبێت بۆ وشککردنی زۆربەی بیرە نەوتییەکانی جیهان لە ساڵانی ٢٠٥٠-٢٠٦٠ جگە لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەو وڵاتانە و عێراق و هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢١٠٠ پترۆل بەرهەم دەهێنن، وشکبوونی بیرەکانی نەوت لە دەوڵەتە پیشەسازییەکانی وەك ئەمریکا و لە حەوزی دەریای باکوور لە ماوەی ٢٠-٣٠ ساڵی داهاتوودا ململانێی دەوڵەتانی پیشەسازی لەسەر قۆرخکردنی پترۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاددەکات، ئەو ململانێیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، وێڕای نەهێشتنی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، زۆر زەحمەتیشە پێشبینی ئەو کاریگەرییانە بکرێت کە لە ئەنجامی ململانێی سەر سەرچاوەکانی نەوت دێنە ئاراوە.

ئەمریکا دەیەوێت کۆنترۆڵی شوێنەکانی پترۆل بکات تاکو بەردەوام سوودیان لێ وەربگرێت، هاوکات کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوتیش بگرێتە دەست، چونکە ئەگەر نرخی نەوت یەک دۆلار بەرزبێتەوە، مانای وایە خەرجی و پێدراوەکانی ئەمریکا ساڵانە بە بڕی ٤ ملیار دۆلار زیاددەکات

---

*** ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**